www.keu92.org
پەرلەمانی دەسپێ لە نێوان گەیشتن بە ئاوێنە
1992 26.92
KURDISTAN ENGINE ERS UNION
یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
٢٧ ٤
یۆنی نەندازیار ی کوردستان
المهندسون

ئەندازیاران

گۆڤاریٚکی ئەندازەیی وەرزانەیە ... یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان دەری دەکات

ساڵی بیستەم بەهاری 2022

ژمارە 80

کۆنکرێت - سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی

فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فرێنی نێودەوڵەتی شارستانی

ڕیپۆرتاژ لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی جیهانی نەهلی

شرۆڤەکردنی بەرنامەی (CIVIL 3D)

بەرز و پیرۆزبێت ٤/٢٧
ڕۆژی (ئەندازیار)ی کوردستان

• ئاشکرایە لە جیهانـدا زۆربەی چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگـاکان ڕۆژی تایبەت بەخۆیان هەیە،لەبەر گرنگی و گەورەیی ڕۆڵ وکاریگەریان لە بەرەوپێشبردن و پێشخستن و داهێنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و کۆمەڵگاکانیاندا . هەر لەبەر ئەوەش وەک ڕێز و پێزانین بۆ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەیان ڕۆژێکیان بۆ دیاریکردون.تەنانەت هەندێک چین و تۆیژ هەن کە لەسەر ئاستی تەواوی جیهان و لەلایـەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانـەوە بە ڕۆژی جیهانی ناسراون و هەموو کۆمەڵگاکان بەبێ جیاوازی لەو ڕۆژەدا یادەکەیان بەرز ڕادەگرن .

لەکوردسـتانی خۆشماندا بەهەمان شـێوەیە، هەر چین و تۆیژێک ڕۆژی تایبەت بەخۆیان هەیە.ئێمـەش وەکو ئەندازیارانی کوردسـتان پێمان باش بوو کـە ڕۆژێک دیاریبکەین بۆ ئەندازیارانی کوردسـتان.ئەوەبوو پێشـتر و لە سـاڵی ٢٠١٨دا و لە ژمارە ٦٥ وەرزی پایزی گۆڤاری ئەندازیاراندا پێشـنیازی دیاریکردنی ئەو ڕۆژەمـان کردبوو بۆ ئەندازیاران . بەڵام لەو کاتەدا ئەو پێشنیازە جێبەجێنەکرا .

• خۆشبەختانە لە کۆبونەوەی هاوبەشی هەردوو یەکێتی و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستاندا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٦ دا ، بڕیاردرا کە ڕۆژی ٤/٢٧ بکرێتە ڕۆژی (ئەندازیار)ی کوردستان . لەسەر بنەمای ئەوەی کە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی پیشەیی ودیموکراتی لە کوردسـتانی ئازادکراوی دوای ڕاپەڕینی بەهاری سـاڵی ١٩٩١ وە دامەزرا وەک نوێنەری سەرجەم ئەندازیارانی کوردستان .

• لێـرەدا جێگـەی خۆیەتی دەستخۆشـی لەو بریـارە بکەین ، هەرچەندە ماوەی ٣٠ سـاڵ دواکەوت ، بەڵام کورد واتەنی (دەرەنگ بگەیت باشترە لەوەی هەر نەگەیت) ، پیرۆزبایش لە سەرجەم ئەندازیارانی کوردستان دەکەین کە بونە خاوەن ڕۆژێکی تایبەت بە خۆیان .کە دەکرێت سالانە ئەو ڕۆژە ٤/٢٧ بەرزو پیرۆز ڕابگیرێت و ئەندازیاران بە چالاکی جۆراوجۆر ئەو ڕۆژە پیرۆز بکەن .

• دووبارە بەرزو پیرۆزبێت ڕۆژی ٤/٢٧ ڕۆژی (ئەندازیار)ی کوردستان...

نەوزادی موهەندیس
سەرنوسەر

ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە حیزابی هونەری کۆڤارەوە

ساڵی بیستەم بەهاری ٢٠٢٢ ژمارە (٨٠)

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥لە ٢٦ـ١ـ٢٠١٠ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت

لەم ژمارەیەدا

هەواڵ و چالاکی — لاپەرە ٢

کۆنکرێت / سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی بەشی دووەم (ئەندازیاری شارەزا / ئەوزادی مەهندس) — لاپەرە ١١

فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فرینی نێودەوڵەتی شارستانی / بەشی دەیەم (ئەندازیار/ طاهر عبدالله قادر) — لاپەرە ١٩

شێوازی بینا سازی و گەشەسەندنی بە پێی قۆناغەکانی مێژوو ..... (ئەندازیاری شارستانی (هەردی مستەفا ئەحمەد) — لاپەرە ٣٤

ڕیپۆرتاژ / زانکۆی جیهانی ئەهای (پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر / ئومێد ڕەفیق فتاح) — لاپەرە ٤١

بۆ زاخاوی مێشک — لاپەرە ٤٦

شرۆڤەکردنی بەرنامەی (3D CIVIL) بەشی دووەم (ئەندازیاری تەلارسازی / جلال حەمە ئەمین) — لاپەرە ٥١

چاوپێکەوتن / ئەندازیار/ سلام تاهیر محمود) — لاپەرە ٦٤

مشاكل البيئة الحضرية فى المدن العراقية فى القرن الحادى و العشرين (المهندس / أحمد عمر على) — لاپەرە ٦٦

الطاقة المتجددة RENEWABLE ENERGY (المهندس / سركوت ابراهيم محمود) — لاپەرە ٧٨

النظام البيئى Ecosystem (من الأنترنيت) — لاپەرە ٨٤

کۆچی دوایی — لاپەرە ٩١

پلە بەرزکردنەوە — لاپەرە ٩٢

بابەتی/ بوومەلەرزە هەژێنەر و هەرەشە لەناکاوەکەی سەر مرۆڤایەتی و گۆی زەوی ! — لاپەرە ٩٣

خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ ئەوزاد عوسمان

(ئەوزادی موهەندیس)

رئیس التحریر

نوزاد المهندس

Editor-in-chife

Nawzad Almohandis

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژ.م :07710251171

ژ.م :07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم

بارەگای یەکێتی

ئەندازیارانی کوردستان

ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حەمە غەریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

چاپخانەی ژانا

نوسەری بابەتە ئەندازیاریەکان خۆیان بەرپرسن لە ناوەڕۆکی زانستی بابەتەکانیان

هەواڵ و چالاکی

• لەمیانەی بەسەرکردنەوەی **کۆمیتەی بالای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** و بەدواداچوون بۆ تەواوکردنی دروستکردنی بینای نوێنەرایەتی یەکێتیە کە لە **چەمچەماڵ**. لە ڕۆژی ١ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٠ لیژنەیەک لە **کۆمیتەی بالا** سەردانی دروستکردنی بارەگای نوێنەرایەتی چەمچەماڵیان کرد و لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی کارەکانیان کۆڵیەوە و هانی ئەندازیارانی سەرپەرشتیای پرۆژەکەیان دا کە دەستوبرد بکەن لە تەواوکردنی کارەکاندا . جێگەی ئاماژەیە کە لەلایەن **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** و لەسەر بودجە و داهاتی خۆی تا ئێستا بینای بۆ هەریەکە لە نوێنەرایەتیەکانی(**کەلار** و **هەڵەبجەی شەهید** و **دەربەندیخان** و **پشدەر** و **ڕاپەڕین**) دروستکردوە و هەموانیان تەواوکراون و ئەندازیاران بونەتە خاوەن بینا و بارەگای خۆیان.

• لە رۆژی ١ شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٧ بە نوێنەرایەتی **کۆمیتەی بالا** و **لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** ژمارەیەک لە ئەندامانی **کۆمیتەی بالا** و **لقی سلێمانی** سەردانی بەڕێز ئەندازیار (عوسمان قادر محمد)یان کرد بەبۆنەی نەخۆشکەوتنی و چارەسەروەرگرتن و لەنزیکەوە لە تەندروستیان پرسی و خۆشحالبوون بە زووچاکبونەوە و باشبوونی تەندروستی.

• لە میانەی کۆبونەوەی هاوبەشی هەردوو **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** و **سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان** لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٦، بریاردرا کە ڕۆژی ٤/٢٧ی هەموو ساڵێک بکرێتە (ڕۆژی ئەندازیار- یوم المهندس)ی کوردستان، چونکە لەو ڕۆژەدا **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** وەک یەکەم ڕێکخراوی پیشەیی لەکوردستانی ئازاددا دامەزراوە. وەک هەموو ئەندازیاران لە جیهاندا کە ڕۆژی تایبەت بەخۆیان هەیە.بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز دەکەین و هیواداریں هەموو ڕۆژێکیان هەر جەژن و یادەوەری شیرین بێت. جێگەی ئاماژەیە وەک سەرنوسەری **گۆڤاری ئەندازیاران** لە ژمارە ٦٥ گۆڤاری ئەندازیارانی وەرزی پایزی ساڵی ٢٠١٨دا ئەو پێشنیازەمان کردبوو.

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

ژمارە: هـ / 9 /2022 — بەروار: 3 / 3 /2022

بڕیاری هاوبەش

بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێماندراوە، لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوولامان لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2022/2/26) لە هەولێر، بڕیاردرا بە:

دەست نیشانکردنی ڕۆژی (4/27)ی هەموو ساڵێکی میلادی بە (ڕۆژی ئەندازیار - یوم المهندس) لە کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش، بۆ ئەمسالّ هەردوولا راسپێردران بۆ ئامادەکاری کردن بۆ بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەنجامدانی مەراسیمو چالاکیەکی هاوبەش.

عبدالرحمن علی کورده
سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2022 / 3 / 3

عبدالمجید عبدالحمید محمد
یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
2022 / 3 / 3

وێنەیەك بۆ :
- یەکێتی ئەندازیاران/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست لە کەمترین دەرفەتدا ، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیاران/ ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست لە کەمترین دەرفەتدا. لەگەڵ ڕێزدا.
- لق و نوێنەرایەتیەکانی هەردوولا، بۆ ئاگاداری و پێشنیارەکانتان بۆ ئەم مەراسیم و چالاکیە هاوبەشە. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی هاوبەش.

* سالنامەی یەکێتی ئەندازیاران

Mobile, Hewlir: 07504456330 - 07504995017
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Mobile, Slimany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ keu92.org

• لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١ دا و بەنوسراوی هاوبەشی ژمارە هـ/٢٠٢٢/٤ یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ،کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نوسینگەی بەڕێز سەرۆک وەزیران ،کراوە و تیایدا داواکاری جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای سندوقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت دەکەن لە هەرێمی کوردستان ، وەک مافێکی ئاسایی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت هاوشێوەی ئەندازیارانی کەرتی تایبەتی عێراق .

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

هاتوو ژمارە ٤٥٧ ڕۆژ ٣/٣/٢٠٢٢

ژمارە: هـ/ 4 /2022 بەروار: 1 / 3 /2022

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / نووسینگەی بەڕێز سەرۆک وەزیران
ب/ پرۆژە یاسای سندوقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

دوابەدوای دوا نووسراوی سەندیکای ئەندازیاران بە نۆێنەرایەتی هەردوولامان بە ژمارە (ن.س/2021/24) لە (2021/6/30) لە وەلامی نووسراوی دیوانی ئەم سەرۆکایەتیە بە ژمارە (6563) لە (2021/6/9). ئاماژەش بۆ گشتاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان بە ژمارە (4453) لە (2019/3/27) کە وێنەیەکی هاوپێچ دەکەین.

جارێکی تریش بە پێویست دەزانین، پاڵپشت بە ڕوونکردنەوەکانمان لە نووسراوەکانی پێشووترمان بەگشتیو بەتایبەتیش دوا نووسراوی ئاماژەبۆکراو لە سەرەوە کە وێنەیەکی هاوپێچ دەکەین، داکۆکی بکەینەوە سەر پرۆژە یاساکەمان کە بەر لە زیاتر لە (9) سالّ لە (2013/1/5) پێشکەش کراوەو لەو ماوەیەشدا (47) هەنگاوی بۆ هاوێشتراوە وەک لە خشتەی هاوپێچدا ئاماژەیان بۆکراوە.

بۆ زانیاریان، (سندووقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت)، زیاتر لە (51) سالّ بەر لە ئێستا بۆ ئەندازیارانی عێراق پەسندو دامەزراوە بەپێی (یاسایەکی تایبەت بە ژمارە 3ی سالّی 1971)و لەوکاتەوە تاکو ئێستا، ئەندازیارانی کەرتی تایبەت لە عێراق سوودمەند بوونە لەو یاسایەو نەقابەی مهندسینی عێراقی خاوەندارییەتیو سەرپەرشتی دەکات.

ئەندازیارانی کەرتی تایبەت لە کوردستان لە پاش ڕاپەڕینی سالّی (1991)و دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم، بیّبەش بوون لە سندوقی خانەنشینی ئەندازیارانی عێراقی ئاماژە بۆ کراو لەسەرەوە. ئەمەش وای کردووە لەماوەی ڕابردوودا، هیچ گەرەنتیەکی پاشەڕۆژیان نەبیّت کە ژمارەشیان سالّ بەسالّ لە زیادبوونداید بەهۆی سنووریاری توانای حکومەتی هەرێم لە دامەزراندنیان. لەم پێناوەشدا، بۆ زامن کردنی پاشەڕۆژی ئەم تویژە گرینگەی کۆمەڵگای کوردستان، لەساڵی (2013)ەوە پرۆژە یاساکەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کردووەو هەموو هەنگاوەکانی پێویستی لەسەر ئەنجام دراوە لە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی وەزارەتەکان و ئەنجوومەنی شورای هەرێم، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نەناردراوە بۆ پەرلەمان بە مەبەستی بە یاساکردنی هاوتای ئەندازیارانی عێراق و پارێزەرانی کوردستانیو عێراقی کە یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەمەش مافێکی سروشتی ئەم تویژەیە بۆ زامن کردنی پاشەڕۆژیان کە مەزەندە دەکرێت بە زیاتر لە (10000) دە هەزار ئەندازیار بە پسپۆڕیە جیاوازەکانەوە.

بۆیە هیوادارین بەڕوون بۆ ئەنجامدانی دوا هەنگاوە پێویستەکان بۆ بە یاساکردنی پرۆژەکە لەم کابینەیەدا کە لەکاتی ئێستادا هیچ بارگرانیەکی دارایی و کارگێڕی ناخاتەسەرشانی حکومەتو بگرە فاکتەرێک دەبێت بۆ پشتیوانی.

هاوپێچ/ وێنەیەک لە پرۆژەو نووسراوەکانی ئاماژەبۆکراو

لەگەڵ ڕێزدا .....

عبدالرحمن علی کورده
سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2022 / 3 / 1

ک. عبدالمجید عبدالحمید محمد
یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
2022 / 3 / 1

Mobile, Hewlir: 07504456330 - 07504995017
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Mobile, Slimany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ keu92.org

• رۆژی ١شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٥ کاتژمێر ٤:٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ، وەفدێکی ئەندازیارانی (سازمانی موهەندیسی ئوستانی سنە لەکۆماری ئیسلامی ئێرانەوە) کە ٩ ئەندازیار بوون لە پسپۆریە جیاوازەکانی ئەندازیار و هەریەکەشیان خاوەن و نوێنەری کۆمپانیای کەرتی تایبەتی خۆیان بوون ، سەردانی بارەگای سەرەکی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**یان کرد ، بەمەبەستی دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی لە نێوان هەردوو رێکخراوە ئەندازیاریەکەدا بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی ئەندازیارانی هەردوولادا بشکێتەوە و هەردوولاش سوود لە شارەزایی و ئەزموونی کارکردنی یەکتری وەربگرن و ئاڵوگۆری شارەزایی و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەندازیارانیش گفتوگۆیان لە بارەوە کرا و بڕیاریشدرا کە ئەم جۆرە سەردان و پەیوەندیانە بەردەوام بێت و دووبارە ببنەوە .

• هاوکاری ئازیزی بەردەوامی گۆڤارەکەمان بەڕێز ئەندازیار (طاهر عبدالله قادر) بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کتێبێکی نوێی بەناونیشانی (المطار و السفر)ی بە زمانی عەرەبی و لە چوارچێوەی ١٥٥ لاپەڕەی قەبارە (١٧ × ٢٤)سم خستە بەر دیدی خوێنەران و گەشتیارانی ئازیزەوە .کە لە پێنج بەش پێکهاتوە بەناونیشانەکانی:

• فرۆکەخانە و گەشت
• گەشتکردن بە فرۆکە و کاریگەری لەسەر تەندروستی
• پزیشکی فرۆکەوانی
• زانستی دەروونناسی فرۆکەوانی
• فرۆکەخانە و ژینگە

دوای ماندوونەبوون و دەستخۆشیکردنی هاوکاری ئازیزمان .. هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی باشی بۆ دەخوازین و خوازیارین هەر بەردەوام بێت لە بواری نوسین و دەوڵەمەندکردنی زانستی فرۆکە و فرۆکەوانیدا بۆ خزمەتی زیاتری کۆمەڵگای کوردەواری و نیشتیمانە خۆشەویستەکەماندا .



نوسینگە ئەندازیاریەکان

• لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی (نظام مكاتب الهندسية) ی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە . **کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** مۆڵەتی کارکردنی بەم نوسینگە ئەندازیاریانە داوە :

١. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (کۆنسێپشن – Conception) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (ڕێبین عبدالله بارام)ە، بە ژمارە (٣٨٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/١٠)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٣٦٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٩ دا .

٢. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (گۆبان ئارکیتێکتس – Goban Architects) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (گۆبان عبدالله علی برزنجه)ە، بە ژمارە (٣٨٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/٢٢) دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٣٦٨ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٢ دا .

• لەچوارچێوەی چالاکیەکەکانی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** بەبۆنەی ڕۆژی ئەندازیاری کوردستان لە ٤/٢٧ دا ، سەرنوسەری گۆڤارەکەمان (نەوزادی موهەندیس) بەرهەمێکی نوێی لەچوارچێوەی ٢٢ هەمین کتێبیدا بە ناونیشانی (**بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ئەندازیاران ٢٠٠٢-٢٠٢٢**) بە قەبارەی نیو A4 و لە چوارچێوەی ٢٧٤ لاپەڕەدا بە چاپ گەیاند و بڵاوکرایەوە،کتێبەکە لە ٥ بەش پێکهاتوە تایبەت زانستی بیبلیۆگرافیا و مێژووی دامەزراندنی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** و بەستنی کۆنگرەکانی و **گۆڤاری ئەندازیاران** و دواتریش بیبلیۆگرافیای ٨٠ ژمارەی **گۆڤاری ئەندازیاران** کە لەماوەی ٢٠ سالی ڕێکدا لە وەرزی بەهاری ٢٠٠٢- بۆ وەرزی بەهاری ٢٠٢٢ دەرچوون . وێڕای ماندوونەبوون و دەستخۆشی بۆ کاک (نەوزادی موهەندیس)، هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی باشی بۆ دەخوازین و خوازیارین هەمیشە پر بەرهەم و بەردەوام بێت لە بەخشش و خزمەت بە ئەندازیاران و فەرهەنگ و کتێبخانە و زانست ومێژووی کورد و کوردستان .

• ئاشکراشە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاش کارێکی هەم ئاسان و هەم ئاسانیش نیە و بەتایبەتیش لە کوردستاندا مێژوویەکی زۆر دێرینی نیە و تەنها دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو واتە تەنها نزیکەی 50 ساڵێکە . بەڵام خۆشبەختانە ژمارەیەک لە نوسەر و لێکۆڵەرانی کورد لەو بوارەدا کاری گەورە و گرنگیان ئەنجامداوە و بونەتە پێشەنگی ئەو بوارە کە گرینگی و کاریگەری خۆی هەیە بۆ مانەوە و ئەرشیفکردنی بڵاوکراوە و نوسراوە فەرمیەکان و...هتد . لە کوردستاندا . کە هەق وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری گرنگی زیاتر بدەنە ئەم بوارە و ناوەندی ئەکادیمی و کادری شارەزا لە بوارەکەدا پێبگەیەنن چونکە ئەم کارە پێویستی زۆری بەلایەنی دارایی و توانا و پسپۆڕی و شارەزایی کەسەکان هەیە کە ئەم کارەش تەنها بە حکومەت و داموزدەزگاکانی دەکرێت نەک بە هەوڵ و خەمخۆری تاکە کەسی .

• لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٤ کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ لە بارەگای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** لەشاری سلێمانی کۆبونەوەی ژمارە (٧٩)ی دەستەی ڕاوێژکاری **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** ئەنجامدرا . دوای بەخێرهێنانی ئامادەبوان ، لەلایەن بەڕێز ئەندازیار (عبدالمجید عبدالحمید محمد) سەرۆکی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**ەوە بەرنامەی کاری کۆبونەوە بۆ ئامادەبوان ڕاگەیەنرا و دواتر خال بەخال گفتوگۆیان لەبارەوە کرا و بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستیان بۆ درا .

• بابەتەکانی کۆبونەوەکە :

١. ئەندازیارانی خۆبەخش لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

٢. کێشەی ناونیشانی وەزیفی (شارەزا / خەبیر) لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بەر یاسای چاکسازی کەوتوون و ناونیشانەکەیان لێوەرگیراوەتەوە. و لەناویشیاندا ئەندازیاران .

٣. کۆبونەوە هاوبەشەکان لەگەڵ سەندیکای ئەندازیاراندا .

٤. سەردانی وەفدێکی ئەندازیارانی ئوستانی سنە لە کوردستانی ڕۆژهەلاتەوە لە ئێرانەوە بۆ بارەگای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** لەشاری سلێمانی .

• دواتر لەلایەن هەریەکە لە لێپرسراوی لقەکان کێشە و گرفت و داواکاری و پێشنیازەکانیان خستە ڕوو و بریاری پێویستیان لەبارەوە بۆ درا .

• لەلایەن سەرنوسەری **گۆڤاری ئەندازیارانەوە**(نەوزادی موهەندیس)، پێشنیاز کرا کە :

١. سەرجەم لق و نوێنەرایەتیەکان لەوەرزی هاویندا خول و کۆڕ و سمیناری زانستی و ئەندازیاری سازبکەن بۆ ئەندازیاران .

٢. لەلایەن **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە** نوسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ هەرکێشە و داواکاری و مافەکانی ئەندازیاران .

٣. دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاداشتکردن و بەخشینی مەدالیای ڕێزلێنان بە ئەندازیاران .

• دواتر لەلایەن ژمێریاری **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە** ڕاپۆرتی دارایی پێشکەشکراو و وەکو خۆی پەسەندکرا .

• جێگەی ئاماژەیە کە دەستەی ڕاوێژکاری بالاترین دەسەلاتە لە **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا** و هەر ٣ مانگ جارێک کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات . کۆبونەوەی داهاتووش لە ٢٠٢٢/٩/٣ ئەنجامدەدرێت . لەکۆتاییدا کۆبونەوەکە نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاند .

پیرۆزبایی

بەبۆنەی یادی 30 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و

یادی 20 ساڵەی دەرچونی گۆڤاری ئەندازیاران و

یادی 12 ساڵەی کردنەوەی سایتی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و

یادی 124 ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردی و

هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزیشەوە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز دەکەین و

هیوادارین کە سەرجەم ئەندازیاران لە چوارچێوەی یەک ڕێکخراوی ئەندازیاری

یەکگرتووی بەهێزدا کۆببنەوە و کار و پڕۆژە ئەندازیاریەکان جێبەجێبکەن و وڵات

و کۆمەڵگاش ئاوەدان و خۆشگوزەران بکەن .

و گۆڤاری ئەندازیارانیش هەروەک گوڵە ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆشەکەی ناو گوڵدانی

ڕۆژنامەوانی کوردی بدرەوشێتەوە و پێشکەوتن و گۆڕانکاری زیاتر بەخۆوە ببینێت لە

سیماو ناوەڕۆکیدا .و ڕەوت و کاروانی ڕۆژنامەوانی کوردیش هەر بەرەو لوتکە لە هەڵکشانی

بەردەوامدا بێت.

هەموانیش لە جەژن و خۆشیدا بن...

دووبارە پیرۆز بێت...

گۆڤاری ئەندازیاران

کۆنکرێت
سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی

ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
nawzad_mohandis@yahoo.com

(بەشی دووەم)

جۆرە تایبەتەکانی کۆنکرێت Special Types of Concrete

زۆر جۆری کۆنکرێت هەن و دەتوانرێت جۆرە گرنگەکانی کۆنکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێن بکرێن :

١. کۆنکرێتی ئاسایی Plain concrete
٢. کۆنکرێتی شیشدار Reinforced concrete
٣. کۆنکرێتی پێش هێز Pre Stressed concrete
٤. کۆنکرێتی ئامادە(پێشتێکردن) Pre Cast concrete
٥. کۆنکرێتی بەرگری بەرز High Strength concrete
٦. کۆنکرێتی ریشاڵی Fibrous concrete
٧. کۆنکرێتی فشاری خۆیی Self-Compacting concrete
٨. کۆنکرێتی پۆلیمەری Polymer concrete
٩. کۆنکرێتی هاوێژراو Shoterete concrete
١٠. کۆنکرێتی سووک Light – Weight concrete
١١. کۆنکرێتی قورس Heavy – Weight concrete
١٢. کۆنکرێتی بارستەیی Mass concrete
١٣. کۆنکرێتی پڕکراو Pre Packed concrete
١٤. کۆنکرێتی چەو بێریزبەندی (بۆشایی) Gap concrete
١٥. کۆنکرێتی تەلارسازی Architeetural concrete
١٦. کۆنکرێتی بزمارڕێژکراو Nailing concrete
١٧. کۆنکرێتی کبریتی Sulfur concrete

لە خوارەوە کورتە باسێکی گرنگترین ئەو جۆرانە دەخەینە ڕوو :-

٣-١ کۆنکرێتی ئاسایی Plain Concrete

بریتیە لە کۆنکرێتێک بەبێ هیچ شیشێکی ئاسن و بەکاردێت لە کۆنکرێتی زەویدا لەژێر بناغەکانەوە یان پیادەڕەوەکانەوە و بارستە کۆنکرێتیەکانیشی لێدروستدەکرێت کە فشار و پاڵەپەستۆی زۆری لەسەر نەبێت وەک هێزی توندکردن و ڕاکێشان و هەروەها لە کۆنکرێتی زەمینی و بەنداوەکانیشدا بەکاردێت .

بەرگریەکەشی لەنێوان ١٥٠-٢٥٠کگم/سم^2 دایە بەپێی ئەو مەبەستەی بۆی بەکاردەهێنرێت کە دەتوانرێت هەندێک لە سیفاتەکانی چاکبکرێت بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ مەبەستی بەکارهێنانیدا ، وەک ئەوەی بەرگری کبریتەکان بکات یان بەرگری هۆکارەکانی ڕووتاندنەوە و داخوران بکات وەک دۆخی ڕێگریە دەریاییەکان .

٣-٢ کۆنکرێتی شیشدار Reinforced concrete

بریتیە لە کۆنکرێتی ئاسایی و شیشی ئاسنی تیادایە بۆ بەرگریکردن لە هێزی توندکردن و ڕاکێشان ئەم جۆرە لە کۆنکرێت بەربلاوترینە لەبەکارهێنان لە جیهاندا ئەوەش بەهۆی سانا جێبەجێکردنی و هەرزانی دروستکردنی .

دەشتوانرێت ڕاستەوخۆ لە پێگەدا تێبکرێت یان لەکارگەدا دابڕێژرێت بۆ دروستکردنی کۆنکرێتی ئامادە ، مەرجە کە هاوسەنگی Equilibrium و ڕێکەوتن Compatibility بێتە دی لەنێوان هێزەکان و هەڵچونەکاندا لە هەریەکە لە کۆنکرێت و شیشە ئاسنەکەدا. زۆربەی کۆدەکانی دیزاین بە تەواوی بەرگری کۆنکرێت بۆ ڕاکێشان پشتگوێ

دەخەن ودواتر بەتەنها شیشە ئاسنەکە بەرگەی هەموو هێزە راکێشەرە کاریگەرەکان دەگرێت.بەڵام کۆنکرێتەکە کە بەرگەی هێزەکانی فشار دەگرێت.شێوەی (٣-١) دابەشبونی زەبرو هەڵچونەکان رووندەکاتەوە لەسەر کەرتێکی لاکێشەیی لە کۆنکرێتی شیشداردا.



شێوەی(٣-١) هێز و هەڵچونەکان بۆ توخمی کۆنکرێتی شیشدار لەسەر شێوەی لاکێشەیی کە بەر زەبری چەمانەوە کەوتوە

٣-٣ کۆنکرێتی پێش هێز Pre Stressed concrete

بریتیە لە کۆنکرێتی ئاسایی کە پێش بارکردنی هێزی فشاری پێدەوترێت و ئەو هێزانەش مایەی دڵنیاکەرەوەن بۆ لابردنی هێزی راکێشان کە دێتە بوون بەهۆی کاریگەری بارەکانەوە و دواتریش پێویستمان بەشیشدارکردن نابێت بەشێوەیەک بەرئەنجامی کۆتایی هێزەکان لەسەر درێژی برگەی کۆنکرێتی دەبن دوای بارکردن (ئیشپێکردن) کە زۆرجاران بریتین لە هێزی فشار و دواتر کۆنکرێتەکە دەبێت بەرگەی بگرێت. لەسەر ئەمە پێویستە کۆنکرێتەکە بەرگری بەرزی هەبێت بۆ فشار کە لەنێوان ٣٥٠-٦٥٠ کگم/سم٢ دایە. بۆئەوەی بەرگەی هێزی فشاری دروستکردن و هێزی فشاری ئیشکردن بگرێت .

خەوشی ئاسنی بەکارهاتوو لە کۆنکرێتی پێش هێز ناوەدبرێت بە ژێکان Tendons کە بریتیە لە وایەر Wires یان حەبلی پێچراو لەکۆمەڵێک وایەر Strands یان شیشی ئاسن Bars .

کۆنکرێتی پێش هێز بەوە جیادەکرێتەوە کە درزی رووبی کەمەو بەرگری بەرزیشی هەیە بۆ بارکردن یان قورسایی. ئەمەش وایکردوە کە بەکاربهێنرێت لە پردەکان و کۆگاکانی ئاو و یەکە ئامادەکاندا وەک رەسیفی هێڵی ئاسنی و ستونەکانی تەلەگراف ، بەشێوەیەکی گشتی دوو رێگا هەیە کە کۆنکرێت هێزی فشار وەربگرێت :

أ – رێگای راکێشانی پێشەکی Pre - Tension

تیایدا ژێکانی دارشتن رادەکێشرێن یان توندەکرێن پێشتێکردنی کۆنکرێت و پێش رەقبونیشی. واز لەو ژێیانەش دەهێنرێن بە توندکراوی(لە سنوری نەرمیدا) تا کۆنکرێتەکە رەق دەبێت و تەواوی بەرگریەکەی دەستەخات دوای ئەوە هێزەکانی توندکردن لەسەر دارشتەکە هەڵدەگیرێن و لادەبرێن کە دەیەوێت بچێتەوەیەک لەناو کۆنکرێتەرەقبوەکەدا کە دەبێتە هۆکاری رووداني هێزی فشار لە کۆنکرێتدا لە رێگەی هێزی یەکگرتنەوە لەنێوان شیشی ئاسن و کۆنکرێتەکەدا وەک لە شێوەی(٣-٢) دایە .

هەروەها رێگای راکێشانی پێشەکی بەکاردێت لەبەرهەمهێنانی یەکەکانی پێش تێکردن و پێش هێزەکانیش بەشێوەیەک چارەسەریەکە رێگەدەدات بە هەڵم و بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرگری بەرزی سەرەتایی لەلابردنی خێرای ئەو یەکانە و بەکارهێنانی رۆژانەی قاڵبەکان .

ب _ رێگای راکێشانی دواتر Post –Tension

تیایدا بۆری ناوبۆش دادەنرێت لەناو کۆنکرێتدا و کێبڵی رەق کە سەربەستانە دەجوڵێت لەناویدا دادەنرێت بەبێ راکێشان و توندکردن تا کۆنکرێتەکە رەق دەبێت بەتەواوەتی(شێوەی ٣-٣) . دوای رەقبونی کۆنکرێتەکە کێبڵەکان توندەکرێن بەشێوەیەک هیچ هێزێکی یەکگرتن نیە لە نێوان شیش و کۆنکرێتەکەدا. دوای ئەوە هێزەکانی راکێشان لادەبرێن لەسەر شیشەکە بەشێوەیەک دەبێتە هۆی هێزەکانی فشار لەسەر پلێتە ئاسنە جێگیرکراوەکان لەهەردوو جەمسەری توخمە کۆنکرێتیەکەوە کە ئەویش لای خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆنکرێتەکە بە بارکردن . دوای ئەوە بۆشاییەکان لەنێوان کێبڵە رەقەکان و بزمارەکاندا پردەکرێنەوە بە جەبلەیەک کە رەق دەبێت و بواری داخوران و ژەنگگرتنی کێبڵە رەقەکان کەم دەکاتەوە .

لەکۆدی میسریدا بۆ دیزاین و جێبەجێکردنی دامەزراوە کۆنکرێتیە شیشدارەکاندا چاپی ٢٠٠١- بەشی دەهەم تایبەتکراوە بۆ کۆنکرێتی پێش هێز بەشێوەیەک زانیاری تەواو هەیە دەربارەی هەموو پێوەرە تایبەتیەکان بە کەرەسە بەکارهێنراوەکان لەو کۆنکرێتەدا و دیزاینکردنی

بەشەکانی و سیستەمەکانی شیکردنەوەی بیناسازی بۆی و پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری تایبەت بەو جۆرە کۆنکرێتە .



شێوەی(٣ - ٢) ڕوونکردنەوەی ڕێگای ڕاکێشانی پێشەکی



شێوەی (٣- ٣) ڕوونکردنەوەی ڕێگای توندکردنی دواتر

٣-٤ کۆنکرێتی ئامادە(پێشتێکردن) Pre- Cast Concrete

کۆنکرێت تێدەکرێت و چارەسەریش دەکرێت لە کارگە تا بە تەواوەتی ڕەق دەبێت دوای ئەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێگەی کارکردن و دەکرێت کۆنکرێتێکی ئاسایی یان شیشدار یان پێش هێز بێت کە زەمینی ستونەکان و دیوار و بلۆکی کۆنکرێتی و فلنجەکان و یەکەکانی دیواری دەرەوە وقادرمە دەگرێتەوە . تایبەتا کۆنترۆڵی جۆری کۆنکرێت و دروستکردنەکەشی دەکرێت وەک :

١. بەکارهێنانی چەوێکی باش و هەمەقەبارە .
٢. کەمکردنەوەی ئاو .
٣. ڕۆیشتنی خۆبەخۆی و تێکەڵکردن کە بەهۆی مەکینەوە دەکرێت .
٤. چارەسەرکردن بە هەڵم .
٥. زیادکراوەکان بۆ ڕەنگکردن .
٦. بەکارهێنانی کەرەسەی لێکدابڕی گەرمی پێویست .

شێوەکانی (٣ - ٤) و (٣ - ٥) هەندێک لە بەکارهێنانەکان ڕوونکردەکاتەوە کە تایبەتا تێکردنی کۆنکرێت ئەنجامدراوە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ، لەکاتی دروستکردنی توخمە جیاوازەکان لە کۆنکرێتی ئامادە . پێویستە هەموو قورساییە دەرەکیەکان لەبەرچاو بگیرێت کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر توخمەکان لە قۆناغەکانی دروستکردن و هەڵگرتن و گواستنەوە و پێکەوەبەستن و جێبەجێکردن و بەکارهێناندا .

شێوەی (٣-٤) هەندێک دیوار لە کۆنکرێتی ئامادە

قادرمەی کۆنکرێتی ئامادە (ئۆتێل مێریدیان)
شێوەی (٣- ٥) هەندێک بەکارهێنانی جیاوازی کۆنکرێتی ئامادە

٣-٥ کۆنکرێتی بەرزە بەرگری High Strength Concrete

کۆنکرێتێکە کە بەرگریەکەی زیاترە لە ٦٠٠کگم/سم٢ ڕەنگە بگاتە زیاتریش لە ١٤٠٠کگم/سم٢ و دەتوانرێت

دەستبکەوێت بە بەکارهێنانی کەرەسەی خاوی ناوخۆیی کە بەردەستە بۆ بەکارهێنان لە پیشەسازی کۆنکرێتی کلاسیکیدا(٢٥٠ کگم/سم٣) لە چەو و چیمەنتۆ و ئاو، بەڵام کۆنکرێتی بەرزە بەرگری توخمێکی تری تێدەکرێت کە بریتیە لە پلاستیکیە بەرزەکان Superplasticizers ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی ئاوی تێکەڵەکەیە تا ئەوپەری کەمکردنەوە لەگەڵ هەمان توانای کارپێکردن و دواتریش دەسکەوتنی بەرگرییەکی بەرز(بڕوانە بەشی یەکەم و دووەم).

بەڵام کەرەسەی پوزلانی وەک توخمی کەفی / تۆزی سلیکا Silica Fume ئەوا لەهەردوو جۆری کۆنکرێتدا هەیە. گرنگترین شت کە پێویستە لە بەرهەمهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگریدا ڕەچاوبکرێت بریتیە لە هەڵبژاردنی کۆمەڵە کەرەسەیەک کە پێکەوە بگونجێن بۆئەوەی کۆنکرێتێکی باشمان دەستبکەوێت کە بەرگری و تووندوتۆڵی و بەهێزی و توانای کارپێکردنی پێویستیشی هەبێت .

٣-٥-١ سیفاتە خوازراوەکانی پێکهاتەکان :

أ – چەوی گەورە پێویستە بەهێز و تووندوتۆڵ بێت لەبەرئەوەی وەکو هۆکارێک کاردەکات کە ئەوپەری بەرگری کۆنکرێت دیاریدەکات بەشێوەیەک درزەکان لە کۆنکرێتی بەرزە بەرگریدا لە میانەی دەنکۆڵە گەورەکانی چەوەوە تێدەپەڕن نەک لەدەوروبەری هەروەک لە کۆنکرێتی ئاسایدایە. ئەوە زانراوە کە کۆنکرێتی دروستکراو لەبەرد (وەک گرانیت یان دۆلۆمایت) بەرگری گەورەتر دەدات بە نزیکەیی ١٠-٢٠ ٪ وەک لەوەی دروستەکرێت لە چەو .

ب- چەوی بچوک یان لم پێویستە تارادەیەک زبربن بەشێوەیەک پێوەری ووردیان لە ٢,٨-٣,٠ ئەوەش لەبەرئەوەی تێکەڵەکە دەوڵەمەندە بەکەرەسەی وورد وەکو چیمەنتۆ و تۆزی سلیکا ئەگەر هەبێت.

ج- چیمەنتۆکە پێویستە لەجۆری هەرە باش بێت و گونجاو بێت لەگەڵ هەر زیادکراوێکی بەکارهاتوودا،ئەوەی تێبینی کراوە کە ڕێژەی نمونەیی کە دەتوانرێت گەورەترین بەرگری بداتە کۆنکرێت لە نێوان ٤٥٠ - ٥٠٠ کگم/م٣ دایە، (٩:١٠ شکایەر).ئەوەش دەوەستێتە سەر سیفاتەکان و بڕو ڕێژەکانی پێکهاتەکانی تر و ئایا تێکەڵەکە کەفی سلیکای تیادایە یان نا .

د- کەفی سلیکا Silica Fume بریتیە لە توخمێکی پۆزوولانی کارلێک دەکات لەگەڵ هایدرۆکسیدی کالیسیۆمی ئازاد کە بەرهەمهاتوە لە کارلێکی چیمەنتۆ و ئاو کە پێکهاتەی نەتواوە بەرهەمدێنێت وەک سلیکاتی کالیسیۆم کە هەڵدەستێت بە گرتنی بۆشاییە ناوخۆییەکان و درزە مولولەییەکان و دواتریش زیادکردنی بەرگری و باشکردنی تێپەڕبوونی. بەشێوەیەکی گشتی زیادبونی بەرگری فشار بەکاریگەری کەف یان تۆزی سلیکا لە ٢٠٪ تێپەڕناکات . جێگەی ئاماژەکردنە کە ڕێژەی نمونەیی بۆ تۆزی سلیکا لە نێوان ١٠ - ١٥٪ لەکێشی چیمەنتۆکە دەبێت .

هـ – پلاستیکیە بەرزەکان Superplasticizers گرنگترین پێکهاتەیە بۆ دەستکەوتنی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ڕێژەی ئاو کەمبکرێتەوە بۆ تەنها ٠,٢٥ لەکێشی چیمەنتۆکە و دواتر دەتوانرێت کە بەرگریەکی بەرز دەستبکەوێت.پێویستە لەوەدڵنیابین کە تاچەند ئەو توخمە دەگونجێت لەگەڵ چیمەنتۆی بەکارهاتوودا.

٣-٥-٢ بەکارهێنانەکانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری

تاماوەیەکی دوورودرێژ بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری تەنها لە چوارچێوەی هەندێک بەکارهێنانی کلاسیکیدا مابۆوە Classical Applications گەورەترین ئامانجی بریتی بوە لەوەی کە بەهۆی نرخی بەرزە بەرگریەوە بتوانێت کەمترین ڕووبەری بوار و کەمترین قەبارەی کارگە بگرێت لەگەڵ کەمترین کێشیدا . لەبەر ئەوە ئەو بەکارهێنانەش دیاریکراون لە ٣ بواری سەرەکیدا کە بریتین لە :

- بینا زۆر بەرزەکان High Rise Buildings
- بەرزە پردەکان Bridges
- دامەزراوە دەریاییەکان Offshore Structures

بەڵام لە ئێستادا کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لەهەندێک بەکارهێنانی جۆراوجۆردا بەکاردێت(شێوەی ٣-٦) بۆ سوود وەرگرتنی بەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە سیفاتە جۆراوجۆرەکانی.ڕەنگە ئەم بەکارهێنانە ناوی(بەکارهێنانە ناکلاسیکیەکانی) لێبنرێت – Non Clasical Applications لەو بەکارهێنانەش :

• دەسکەوتنی بەرزە بەرگری سەرەتایی High Early Strength
• دووبارە زیندووکردنەوەی توخمە بیناسازیە کۆنەکان وەک شێوەی کەوانەیی Arch Girder
• بەکارهێنانی لە بواری ئاسندا بۆ زیادکردنی رەقێتی Improving Stiffness
• دروستکردنی خەرمانەی لولێپچی و جێبەجێکردنی بەبێ لەرینەوە و ژاوەژاو Screwing Pailes
• وێستگەکانی وزەی ئەتۆمی Nuclear Power Plants
• بۆری کۆنکرێتی ژێر زەوی Underground Concrete Pipes
• پیادە رەوەکان Pavements

تێبینیەک :

پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان کۆنکرێتی بەرزە بەرگری High Strength Concrete و کۆنکرێتی توانا بەرزدا High Performance Cocrete ،کۆنکرێتی توانا بەرز کۆنکرێتێکە سیفاتی دیاریکراوی خۆی هەیە کە رێگەی پێدەدات کە لەناوەندێکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت و لە دۆخێکی دیاریکراویشدا . ئەو سیفاتانەی کۆنکرێتی توانا بەرزی پێ جیادەکرێتەوە لە کۆنکرێتەکانی تر هەندێک سیفاتی کۆنکرێتی تازەی تیدایە وەک توانای کارپێکردن یان پەیکەریان هەندێک سیفاتی کۆنکرێتی رەقبوشی تیدایە وەک بەرگری دەرەکی و رووشاندن یان بەرگری شەختە و سەرمای زۆر یان بەرگری چونەوەیەک . جا ئەو سیفاتانەش یان بە تەنهان یان پێکەوەن کە توانایەکی جیاواز دەدەنە کۆنکرێت جیا لە کۆنکرێتی کلاسیکی باو .کۆنکرێتی توانا بەرزیش مەرج نیە کە بەرگری بەرز بێت .



شێوەی (٣-٦) هەندێک لە بەکارهێنانە کلاسیکیەکانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری

٣-٥-٣ کەمی تێچوونی(سوودی) بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگی لە میسردا :

کۆنکرێتی بەرزە بەرگری تێچووی زیاترە لە ئەنجامی بەکارهێنانی کەرەسەی جۆری زۆر باش و هەروەها نرخی کەرەسە زیادکراوەکان و هەروەها کۆنترۆڵی جۆریەوە، سەرەرای ئەوەی بە پراکتیکی سەلمێنراوە کە بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری دەسکەوتێکی ئابوری و تەکنیکی گەورەی هەیە بە بەراوورد بە کۆنکرێتە کلاسیکیەکانی تر. ئەم خاڵە لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا باسکراوە تایبەت بە تێچووی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لە ستوونەکان و ...هتد.ئەوەش لەژێر دۆخی نرخەکانی هەبوو لە میسردا .

لەو لێکۆڵینەوانەش کە ئەو خاڵیان راقەکردوە ژمارە ٢٧ و ٢٨ و ٢٩ ن لە لیستی سەرچاوەکاندا. لەخوارەوەش گرنگترین ئەنجامەکانی ئەو بابەتە دەخەینە ڕوو :-

یەکەم : ئەو توخمانەی کە ڕووبەڕووی هێزی فشار دەبنەوە وەک پایەکان

تێچوی بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزەبەرگری لەو توخمانەی کە بەر هێزی فشار دەکەون وەک ستوون و پایەکان دەگەنە ئەوپەڕی دەتوانرێت لەرووی ئابوریەوە سوودی لێببینرێت (تێچوەکان بەدەستهێنانی خەرجیەکان) و لە ڕووی تەکنیکیشەوە (بەکەمکردنەوەی ڕووبەر و برگەکانی) و دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە :

١. سەرەڕای زیادبوونی تێچووی ١م٣ لەکۆنکرێتی بەرزەبەرگری هەروەها زیادبوونی تێچووی کۆنترۆڵی جۆری بەڵام تێچووی کۆتایی ستونێک زۆر کەم دەکات . بە بەکارهێنانی کۆنکرێتێک کە بەرگریەکەی ١٠٠٠کگم/سم٢ بێت ئەوا تێچووی کۆتایی بۆ ستونەکان دەگاتە نزیکەی بەتەنها ٥٥٪ لە خەرجیەکان لەحاڵەتی بەکارهێنانی کۆنکرێتێک کە بەرگریەکەی بۆ فشار ٢٥٠ کگم/سم٢ بێت وەک لە شێوەی (٣-٧) ڕوونکراوەتەوە.

٢. ڕووبەری برگەی کۆنکرێتی بۆ ستونەکان کە بەر باری فشاری تەوەری دەکەون کەم دەکات بۆ نزیکەی ٥٤ و ٣٧٪ لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆنکرێتێک کە بەرگری فشاری یەکسان بێت بە ٥٠٠کگم/ سم٢ و ٧٥٠کگم/سم٢ لە جیاتی ٢٥٠کگم/سم٢ بەدوایەکدا (سەیری شێوەی

٣-٨ و ٣-٩) بکە .

٣. لێکۆڵینەوە شیکاریەکان سەلماندویانە دەربارەی ستونێک کە برگەیەکی جێگیری هەبێت و ڕووبەڕووی باری فشاری تەوەری بوبێتەوە ئەوا کەمبونەوە لە ڕێژەی بەکارهێنانی شیشی ئاسندا هەیە بەبڕی ٢,٢ بۆ هەر ١٠٠کگم/سم٢ زیادەیەک لەبەرگری فشار بۆ کۆنکرێت.

٤. دابەزینی تێبینیکراو لە دوریەکانی برگەی کۆنکرێتی (تایبەت لە نهۆمەکانی خوارەوەدا) گرنگی تایبەت هەیە بۆ خزمەتکردنی مەبەستی تەلارسازی و زیادبونی ڕووبەری بەکارهێنراو (شێوەی ٣-٩) .

٥. نەگۆڕی کەرتی کۆنکرێتی لەگەڵ زیادبونی بەرگری ڕێگە دەدات بە زیادبونی ژمارەی نهۆمەکانی هەمان دامەزراوە .



شێوەی (٣-٧) ئابوریبونی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لە ستونەکاندا



شێوەی (٣-٨) دابەزینی دوریەکانی برگەی کۆنکرێتی لە ستونەکاندا

• ئەم نمونەیەی لای خوارەوە ڕوونیدەکاتەوە کە تا چەند بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری سوودی هەیە لە کەمکردنەوەی برگەی ستونەکاندا هەروەها کەمکردنەوەی بڕی شیشی ئاسنی بەکارهێنراو .گریمان ستونێکی یان پایەیەکی کورت هەیە و باری فشاری تەوەر کاریگەری لەسەری هەیە بەبڕی ٤٠٠تەن و داواکراویشە کە دیزاینی برگەیەکی ستونێک بکرێت بە بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری بۆ فشار بە برەکانی ٢٥٠ و ٥٠٠ و ٧٥٠ و ١٠٠٠کگم/سم٢، ئەگەر زانرا کە بەرگری ملکەچبوونی ئاسن یەکسانە بە ٢٤٠٠کگم/سم٢ و ڕێژەی ئاسنیش لە برگەکەدا یەکسانە بە ١٪ .



شێوەی (٣-٩) کاریگەری کۆنکرێتی بەرزەبەرگری لە کەمکردنەوەی برگەکانی پایەکاندا

دووەم : ئەو توخمانەی کە بەر هێزەکانی نوشتانەوە دەکەون وەک جسرەکان (جسرە کۆنکرێتیەکان)

بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری بۆ ئەو توخمانەی کە بەر هێزەکانی نوشتانەوە دەکەون وەک جسرەکان نابێتە هۆی زۆر دابەزین و کەمبونەوە لە تێچوەکاندا بە بەراوورد بە حالەتی ستونەکان یان پایەکان بەڵکو تەنها لە ڕووی تەکنیکیەوە سوودی هەیە وەک لە بواری ئابوریەوە.دەکرێت لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە :

١. سوودی ئابوری لە بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگریدا لە جسرەکان دێتە دی تەنها کاتێک پانی برگە کەم ببێتەوە لەگەڵ نەگۆڕی قولی و نەگۆڕی ڕێژەی

ئاسن لە برگەکەدا. دەرکەوتوە کە بە زیادبونی بەرگری فشار ٣ هێندە ئەوا پانی برگە کەم دەکات بۆ نزیکەی ٣/١ هەروەک تێچووی کۆتاییش کەم دەکات بەرێژەی ١٤٪.

٢. بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لە جسرەکاندا پێویست بە زیادکردنی رێژەی ئاسنی سەرەکی دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە رووداني هەڵچونی زیاد لە ئاسندا و دواتریش دوورەدەکەوێتەوە لە رووداني درزی زۆرتر و فراوانتر. تێبینیشکراوە لەگەڵ زیادبوونی بەرگری کۆنکرێتدا بۆ دوو هێندە ئەوا شیشی کۆنکرێتیش دەبێت بە رێژەی ٥٣٪ زیاد بکرێت وەک لە شێوەی (٣-١٠) دا رووندکراوەتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بگەین بە هەمان نرخی هەڵچوون لە شیشی کۆنکرێتدا .

٣. سوودی تەکنیکی بەدەستدێت لە بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگریدا لە جسرەکاندا ئەوەش بە کەمکردنەوەی قولی برگە و زیادبونی رێژەی شیشی کۆنکرێت. تێبینیش کراوە کە لەکاتی زیادبوونی بەرگری فشار بۆ کۆنکرێت ٣ هێندە ئەوا قولی برگە رەنگە کەم بکات بۆ نزیکەی ٦٤٪ لە قولی بنەرەتی(شێوەی ٣-١١) بەڵام رێژەی شیشی ئاسن زیاد دەکات و دەگاتە نزیکەی ٢٢٩٪ لەرێژەی بنەرەتی. جا لەسەر ئەوە تێچوونەکان زیاد دەکەن بەرێژەی ٤٢٪ .

٤. هەروەها سوودی تەکنیکی لە بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لە جسرەکاندا دێتە دی ئەوەش بە زیادکردنی درێژی جسرەکە لەگەڵ نەگۆرانی باری کاریگەر و نەگۆری برگەی کۆنکرێتی. تێبینیکراوە کە دەتوانرێت درێژی جسرەکە زیاد بکرێت بۆ ١,٨ جار کاتێک بەرگری فشار بۆ کۆنکرێت زیاد دەبێت بۆ ٤ هێندە .

٥. شێوەی (٣ - ١٢) رووندەکاتەوە کە چۆن سوودی تەکنیکی دەستدەکەوێت لە بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لە جسرەکاندا لە میانەی زیادکردنی توانای بەرگەگرتن بۆ جسرەکە لەکاتی نەگۆری برگە و زیادکردنی رێژەی شیشی کۆنکرێتدا ئەبێت کە بەزیادکردنی بەرگری فشاری کۆنکرێت ٤ جار ئەوا توانای بەرگەگرتنەکەی زیاد دەبێت بۆ ٣,٢٤ جار .

٦. دەکرێت دابەزینێکی کەم بکرێت بۆ هەریەکە لە پانی و قولی برگە لە یەککاتدا وەک لە شێوەی(٣ - ١٣) دا دیارە بۆ ئەوەی مەرجەکانی کارکردنی جیاواز بێتە دی .



شێوەی (٣ - ١٠) کاریگەری کۆنکرێتی بەرزەبەرگری لەسەر رێژەی شیشی سەرەکی لە جسرەکاندا (پردەکان)



شێوەی (٣- ١١) کاریگەری کۆنکرێتی بەرزەبەرگری لە کەمکردنەوەی قولی برگە لە جسرەکاندا (پردەکان)



شێوەی(٣ - ١٢) کاریگەری کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لەسەر توانای بەرگەگرتن لە جسرەکاندا (پردەکان)



شێوەی (٣ - ١٣) کاریگەری کۆنکرێتی بەرزە بەرگری لەسەر هەریەکە لە پانی و قوڵی برگە لە جسرەکاندا (پردەکان)

٣-٥-٤ سیفاتە جیاکەرەوە گشتیەکانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری :

١. بەرگری فشار تیایدا لە نێوان ٦٠٠-١٤٠٠کگم/سم٢ (٥-٧ جار زیاترە لە بەرگری کۆنکرێتی کلاسیکی) .

٢. پێوەرەکانی نەرمی(پلاستیکی) بە نزیکی یەکسانە بە ٢ بۆ ٢,٥ جار بەپێوەرەکانی نەرمی بۆ کۆنکرێتی کلاسیکی کە یاریدەدەرە بۆ کەمکردنەوەی بەمەڕمەڕبوون Deflection و دروستبوون Deformation .

٣. تووندوتوڵی و بەهێزیەکی گەورەی هەیە Durability و هەروەها بەرگریشی هەیە بۆ داخوران و توخمە کیمیاویەکان .

٤. سوودەکانی(وەک کەمکردنەوەی برگەکان و زیادبوونی درێژی و کەمکردنەوەی کێش) زیاتر لە زیادبونی خەرجیەکانی بەرهەمهێنانی .

٥. بەرگریەکی بەرز دەدات بە بەراوورد بە یەکەی نرخ- بە بەراوورد بە یەکەی قەبارە- هەروەها بە بەراوورد بە یەکەی کێش Strength / unit Cost, Strength / unit Volume , Strength / unit Weight .

دەتوانرێت ئەو خاڵەی سەرەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوونبکرێتەوە :

- بەرگریەکی بەرز بە بەراوورد بە یەکەی نرخ

کۆنکرێتێکی بەرگری ٢٠٠کگم/سم٢ نرخەکەی بۆ نمونە ٢٠٠جونەی/م٣ واتە ١کگم/سم٢/جونەی

لەکاتێکدا کۆنکرێتێکی بەرگری ٦٠٠کگم/سم٢ نرخەکەی ٣٠٠جونەی/م٣ واتە ٢کگم/سم٢/جونەی

- بەرگریەکی بەرز بە بەراوورد بە یەکەی قەبارە بنکەی پایەیەک لە کۆنکرێتێکی بەرگری ٢٠٠کگم/سم٢ و قەبارەکەی ٤م٣ واتە ٥٠کگم/سم٢/م٣ .

لەکاتێکدا بنکەی پایەیەکی کۆنکرێتی بەرگری ٦٠٠کگم/سم٢ و قەبارەکەی ٢م٣ واتە ٣٠٠کگم/سم٢/م٣ .

- بەرگریەکی بەرز بە بەراوورد بە یەکەی کێش

پایەیەک لە کۆنکرێتی بەرگری ٢٠٠کگم/سم٢ و کێشەکەی ٤ تەن بێت واتە ٥٠کگم/سم٢/تەن .

لەکاتێکدا پایەیەکی کۆنکرێتی بەرگری ٦٠٠کگم/سم٢ و کێشەکەی نزیکەی ٣ تەن بێت واتە ٢٠٠کگم/سم٢/تەن.

لەکەموکوڕیەکانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری بریتیە لەوەی زیاتر ناسکە Brittleness لە کۆنکرێتی کلاسیکی و داروخان تیایدا لەناکاوە بەشێوەیەک شکان تیایدا لە ڕێگەی چەوە گەورەکانەوە دەبێت نەک لە دەوروبەری وەک لە کۆنکرێتی کلاسیکیدا و دەتوانرێت زاڵ بێت بەسەر ئەو کێشەیەدا بەڕێگای جیاواز لەوانە بەکارهێنانی ڕیشاڵ لەگەڵ کۆنکرێتدا. هەروەها بەکارهێنانی کۆنکرێتی بەرزە بەرگری پێویستی بە ئاستێکی بەرز هەیە لە کۆنترۆڵی جۆریدا .

سەرچاوە/

١. کۆنکرێت : سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی، دانانی: مامۆستا- د.محمود احمد امام ،وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا / نەوزاد عوسمان عبدالرحمن (نەوزادی موهەندیس) ، چاپخانەی زانا / سلێمانی ، هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٢١.

فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فڕینی نێودەوڵەتی شارستانی



ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

بەشی دەیەم

• ئەندازیاری بەڕێز
• خوێنەری بەڕێز

ئاشکرایە فڕۆکەوانی بواریکی فراوانە لە بواڕەکانی ئێستای سەردەمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گرنگی تایبەتی هەیە لە نزیک کردنەوە و تێکەڵ بوونی کلتور و نەریتی گەلان هەروەها بۆ تەواوی بواڕەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا کاریگەری خۆی هەیە .

بەندە وەک دانەری یەکەم فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فرینی شارستانی ICAO و هەست کردن بە وەی کە تا ئێستا ئەم بواڕە لای کۆمەڵی کوردەواری و ئەندازیاران و خوێنەران بواریکی نوێیە بۆیە بە باشی ئەزانم کە بە (هەلقە) هەر جارەو چەند پێناسەیەک بلاوبکەمەوە بۆ ڕۆشن کردنەوەی بیری بەڕێزتان و ئاشنابوون بەو بواڕە ئەوەندەی ئاسان بێت .

فەرهەنگە کە بە سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی بە باشم زانی وەک چۆن خۆی چاپ کراوە بەهەمان شێواز بلاو بکرێتەوە لەم گۆڤارە تاقانەیەی ئەندازیاراندا . بەهیوای سود وەرگرتن و بە گەورەیی خۆشتان بمان بەخشن لە هەر کەم و کوڕیەکی زمانەوانی چونکە کاری وەرگێران پسپۆری باشی ئەوێت و بەندەش هەر ئەوەندەی لە تواناییە .

بێ گومان زمان بۆ هەر نەتەوەیەک پایەیەکی گرنگ و بەهێزە بۆ بوون و مانەوەی شان بە شانی هەردوو پایەی (میژوو و خاک) کە بیسەلمێنێت نەتەوەیەک بوونی هەیە لە سەرووی زەوی وەک هەر نەتەوەیەکی تر.

لەم سەردەمەی ئێستادا کە تە کنەلۆجیا سەراپای کایەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە ئەو کەسانە کەمن کە بەهای دانانی زمان و ڕەنووس و زاراوە سازیەکی یەکگرتووی زانستی بە پێویستییەکی ئەم چەرخە بە گرنگ بزانن بۆ زمانی کوردی .

زمان بە زادەی ژیانی کۆمەڵ دەوڵەمەند دەبێت بە زاراوە و دەستەواژە و پێناسەی کەسێتی و ناوی کەرەستەکان و سروشتی پێشکەوتن لە هەمان کاتدا فراوان بوونی زمان هاوشانە لەگەڵ گەشەسەندنی چالاکی پیشەسازی و بازرگانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و پارێزگاری کردن و زیندو ڕاگرتنی کەلتوری نەتەوییە . کۆمەڵی کوردەواری پتر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە و دەرفەتی ئەوەی نەبووە فریای خۆسازدان و پێشکەوتن

بکەوێت لە بواركانی (بازرگانی و پیشەسازی) ، ئەمەندەش بازرگانی کردووە کە لە ئامرازە سەرەتاییەکان زیاتر هیچی بەکارنەهێناوە بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارە بازرگانییەکان تەنانەت سەرمایەی زۆری نەبووە تا وای لێ هاتووە گەنم بە تریێان کردوە واتە بەرهەمە خۆمالییەکانیان ئالوگۆڕ پێکردوە بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە و بژێوی ژیانیان .

هەروەها لەبواری پیشەسازیدا زیاتر ئامرازەسەرەتاییەکانی ڕستن و چنین و ڕاوکردن و شەرکردن و بەرگریکردن و دەربازبوون و خۆشاردنەوەیان بەکارهێناوە ، لە بواری کشتوکالیشدا ئامرازی کێلان ودورینەوە و کوتان و برین و شکانەوەیان دروست کردووە .

بۆیە ئەگەر گوزەرێک بکەین بەناو ووشە و زاراوە و دەستەواژەکان لە زمانی کوردی دا زیاتر دەستەواژە و زاراوەی کشتوکالی و پێداویستییەکانی دەبینین ، هەروەها زاراوەی ئەدەبی بەرخوردان و پیاهەلدان وئەوین و خاک و غوربەت و ئاوارەیی و شین و شەپۆرو لاوانەوە زیاتر زاڵن بەسەر ئەوانی تردا .

بە کورتی زمانەکەمان زۆر هەژارە لە زاراوەی پیشەسازی و بازرگانی و تەکنەلۆجیای سەردەمدا خۆ ئەگەر کەسێک بیەوێت وانەیەکی زاتستی بڵێتەوە یان بابەتێکی زانستی بە زمانی کوردی بنووسێتەوە زۆر ئەستەمە تووشی گیروگرفتێکی زۆر نەبێت لە دۆزینەوەی ووشە و زاراوە و دەستەواژە بۆ واتا و زانیاریە زانستییەکان بە تایبەتی ئەو بوارە زانستییانەی کە لە مێژووی ئەم میللەتەی ئێمەدا پاشخانیان نیە و خاوەنی دروستکردن و ئەفراندن نەبێت وەک (کۆمپیوتەر ، سۆفت وێر ، زانستە نوێیەکانی بواری کیمیا و پزیشکی و فرین و فرۆکەوانی و فرۆکە) . بەندە وەک بەرپرسیارێتی مێژوویی لەم بوارەدا زۆرم هەوڵدا تا لەم سەرەتای چەرخی بەکارهێنانی فرۆکەخانە لە مێژووی میلەتەکەماندا بتوانم ئەوەندەی قەمچی زانیاریەکانم بربکات و پەیبەرم بە واتای تێگەیشتنەکان وەک سەرەتای مێژوویەک ئەم فەرهەنگە ئامادە بکەم بۆ تەواوی ئەو پێناسە و دەستەواژە و ناو و زاراوانەی ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی تا وەک سەرچاوەیەک لەبەردەست فێرخوازان و ئەو کەسانەی خولیای فێربوون و شارەزابیان هەیە لە بواری فرین و فرۆکەوانی ، ئەستەمە توانێبێم دەقاودەق ئەو مەبەستە بێکەم کە ئامانجم بووە چونکە زۆر بە زەحمەت توانیومە واتاکان نزیک بکەمەوە بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی کە هاوتا و وێنەیان نیە لە زمانی کوردیدا جار بووە چەند ڕۆژێک بۆ مانای یەک زاراوە گەڕاوم تا بتوانم ئەگەر وەک خۆی نەبێت شێوەیەک لە زاراوەکان بەکاربهێنم کە نزیک بێت لە واتاکانەوە هەرچەندە ئەگەر زاراوەکە لەنگیش بێت بەڵام ناچار بووم بەکاری بهێنم .

وشە هەیە لە هەردوو زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی)دا کە واتاکانیان لەبەردەستدایە بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت وەکو زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی) واتاکان بدۆزینەوە .

هەر بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی (Fulfill , perform , Apply) هەیە کە هاوشێوەکانیان بە زمانی عەرەبی (تطبیق ، اداءْ ، تنفیذ یان أنجاز) بەکاردەهێنرێت بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها وشەیەک هەیە ئەویش وشەی (جێبەجێ کردن یا کردن)ە ئەو و چەندەها وشەی وەک ئەوانە کە لەم فەرهەنگەدا پێویست بووە بەکاربهێنرێت ، خۆ ڕەنگە لای هەندێ شارەزایانی زمان وشەی تر یان وشەی داڕێژراو یا داتاشراو هەبێت یان لە شێوە زاراوەکانی زمانی کوردیدا وەک (هەورامی ، بادینی ، زازایی یان لوری) زاراوە و وشەی پر مانای تر هەبن بۆ هەندێ لەو وشە و تێکست و دەستەواژانە بەڵام مەودای زانیاریەکانی من هەر ئەوەندەیە بۆیە چاوەڕوانی ڕێژنەی وشەی شارەزایانی ئەم بوارەم تا بتوانن ئەم بوارە فراوانتر بکەن .

بەو هیوایەی توانیبێتم کەڵێنێک لە کتێبخانەی کوردی پربکەمەوە سەرچاوەیەک بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگەکانی ئایندەی کوردستان بخەمە بەردەست وەک سەرەتایەکیش ئومێدم زۆرە کەسانی بە ئەزموون و شارەزایانی تر بتوانن ئەم بابەتە دەوڵەمەند بکەن و لە کۆتاییدا هیوادارم لە ڕووی زمانەوانییەوە ببەخشرێم لەهەر هەڵە و کەموکوڕییەک یان لەنگەیەک کە هەبێت. ئەم جۆرە کارانە ئەگەر سەرەتاش بێت یان کەمێک کاڵ و کرچیش بێت بەڵام گرنگ یەکەم هەنگاوە بۆ ئاسۆیەک ڕێچکەی گرتوە دەگاتە مەنزل وەکو(گۆران) ی شاعیریش ئەفەرموێ :

هەر کاروانێ ..... بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ

کەم بن یا زۆر ..... نەگەنە خۆر.....!!!

273. ATN Environment :

The environment that relates to functional and operational aspects of the ATN as a complete end-toend communication system .

ژینگەی تۆری پەیوەندییە فرۆکەوانییەکان :

ئەو ژینگەیەی پەیوەندی هەیە بەئەدگاری ئەرک و بەگەرخستن بۆ تۆری پەیوەندییە فرۆکەوانییەکان بەو ئاماژەیەی سیستمێکی لاوەکی تەواوە بۆ پەیوەندییەکان .

بيئة شبكة إتصالات الطيران :

البيئة التي تتعلق بالسمات الوظيفية والتشغيلية لشبكة إتصالات الطيران بإعتبارها نظام طرفي متكامل للإتصالات .

(References: Doc 9880 Part III)



274. ATN Profile Requirements List (APRL) :

APRLs identify, in a tabular form, requirements together with the options and parameters for protocols used in the ATN. The supplier of an ATN protocol implementation claiming to conform to the ATN technical requirements must indicate conformance to those requirements by preparing a protocol implementation conformance statement (PICS) based on the set of APRLs..

لیستی پێویستییە لابەلاکان بۆ تۆری پەیوەندییە فرۆکەوانییەکان :

لیستی پێویستییە لابەلاکان بۆ تۆری پەیوەندی فرۆکەوانییەکان لەسەر شێوەی خشتەی پێویستییەکان بۆ بژاردە و پرۆتۆکۆل و ڕێکەوتنە بەکارهاتوەکان لە تۆری پەیوەندییە فرۆکەوانییەکان پێناسە ئەکرێت ، لایەنی دابینکاری جێبەجێکردنەکان بۆ پرۆتۆکۆلەکانی تۆری پەیوەندییە فرۆکەوانییەکان پێویستە پابەندبێت بە پێویستیە تەکنیکییەکان لەگەڵ پابەندبوون بەو داواکارییانە لە ڕێگەی سازان بۆ جێبەجێکردنی سیستمی PICS پشتگیریکراو بە کۆمەڵێک لیستی داواکارییە لابەلاکان بۆ تۆری پەیوەندییەکانی فرۆکەوانی .

قائمة المتطلبات الجانبية لشبكة إتصالات الطيران :

تصف قائمة المتطلبات الجانبية لشبكة إتصالات الطيران على هيئة جدول المتطلبات للخيارات والبروتوكولات والإتفاقيات المستخدمة في شبكة إتصالات الطيران. إن الجهة المجهزة لتطبيقات بروتوكولات شبكة إتصالات الطيران تطلب الإلتزام بالمتطلبات التقنية مع الإلتزام بتلك المتطلبات من خلال تهيئة بيان توافق لتطبيق النظام (PICS) مستند الى مجموعة من قائمة المتطلبات الجانبية لشبكة إتصالات الطيران .

(References : Doc 9880 Part III)

275. ATN Security Services :-

A set of information security provisions allowing the receiving end system or intermediate system to unambiguously identify (i.e. authenticate) the source of the received information and to verify the integrity of that information.

خزمەت گوزارییە ئاسایشییەکان بۆ تۆری پەیوەندییە فرۆکەوانییەکان :

کۆمەڵێک بڕگەی ئاسایشی زانیارییەکانە ڕێگە بە سیستمی ناوەند یان بە سیستمی لایەنەکەی تر ئەدات بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون تا لای زانراوبێت (بە واتا لێکۆڵینەوە دەکات) لە سەرچاوەی زانیاریەکانی وەرگیراو و دڵنیا بوون لە سەلامەتی ئەو زانیارییانە .

الخدمات الأمنية لشبكة إتصالات الطيران :

مجموعة من بنود أمن المعلومات تسمح لنظام الطرف الآخر أو النظام الوسطي كي يميز بشكل واضح (بمعنى آخر يتحقق من) مصدر المعلومات المستلمة والتأكد من سلامة تلك المعلومات .

(References : Doc 9880 Part III)

276. ATSC Class :-

The ATSC class parameter enables the ATSC-user to specify the quality of service expected for the offered data. The ATSC class value is specified in terms of ATN end-to-end transit delay at 95 per cent probability .

پلە بەندیی پەیوەندییەکانی خزمەت گوزاریی هاتوچۆی ئاسمانی :

پلە بەندیی پەیوەندییەکانی خزمەتگوزاری هەوایی بەکارهێنەران دەتوانن جۆری خزمەتگوزاری چاوەڕوانکراو دیاری بکات بۆ زانیارییە نیشان دراوەکان ، نرخی پلەی پەیوەندییەکانی خزمەتگوزاری جوڵەی هەوایی دەرئەبردرێت لە میانی ئەو دواکەوتنەی کە ڕووئەدات لە ٩٥٪ ی پەیوەندییەکاندا .

صنف إتصالات خدمات الحركة الجوية :

يمكن صنف إتصالات خدمات الحركة الجوية مستخدميه من تحديد نوعية الخدمة المتوقعة للبيانات المعروضة. إن قيمة صنف إتصالات خدمات الحركة الجوية يعبر عنه من خلال التأخير الذي يحصل ضمن ٩٥ بالمئة من الإحتمالات .

(References: Doc 9880 Part I)

277. ATS Communication (ATSC) :

Communication related to air traffic services including air traffic control, aeronautical and meteorological information, position reporting and services related to safety and regularity of flight. This communication involves one or more air traffic service administrations .

پەیوەندییەکانی خزمەتگوزاری جموجوڵی ئاسمانی :

ئەو پەیوەندییانەن کە پەیوەستن بە پێدانی خزمەتگوزاری جموجوڵی ئاسمانییەوە ، چاودێری جموجوڵی ئاسمانی ، زانیاری فڕۆکەوانی ، کەش و هەوا ، ڕاپۆرتەکانی شوێن ، خزمەتگوزارییەکان کە بە سەلامەتییەوە پەیوەستن و ڕێکخستنی گەشتەکانیش ئەگرێتەوە ، ئەم پەیوەندییانەش یەکێک لە بەڕێوەبردنەکانی جموجوڵی هەوایی یان زیاتر لەخۆ ئەگرێت .

إتصالات خدمات الحركة الجوية :

إتصالات تتعلق بتقديم خدمات الحركة الجوية تتضمن مراقبة الحركة الجوية و معلومات الطيران والأنواء الجوية وتقارير الموقع والخدمات التي لها علاقة بسلامة وإنتظام الرحلات الجوية . إن هذه الإتصالات تتضمن واحدة أو أكثر من إدارات خدمات الحركة الجوية .

(References : Doc 9880 Part I)

278. ATS Direct Speech Circuit :

An aeronautical fixed service (AFS) telephone circuit, for direct exchange of information between air traffic services (ATS) units.

بازنەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی جوڵەی هەوایی :

خزمەتگوزارییەکی جێگیرە بە بەکارهێنانی بازنەی تەلەفونی بەمەبەستی ئالوگۆڕی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان یەکەکانی خزمەتگوزاری جوڵەی هەوایدا .

دائرة الإتصالات المباشرة الخاصة بخدمات الحركة الجوية :

خدمة طيران ثابتة بإستخدام دائرة تلفونية لغرض تبادل المعلومات بشكل مباشر بين وحدات خدمات الحركة الجوية .

(References : Annex 10 Volume II)



279. ATS Message :

A unit of user-data, coded in binary form, which is conveyed from an originator of the data to one or more recipients of the data. It is possible to associate a unique message identifier and a priority with each ATS message.

نامەگەلی خزمەتگوزارییەکانی جموجوڵی ئاسمانی :

یەکەیەکی زانیاریی بەسیستەمی کۆد (شفرە) بەکارئەهێنرێت بە دوولانی (لە یەکێک یان زیاتر لە سەرچاوەکانی زانیارییەوە) وەرگیراوە لە وەرگری زانیارییەکان ، دەکرێت یەکەکە هەڵگری نیشانەیەک بێت بۆ ناسینەوە .

رسائل خدمات الحركة الجوية :

وحدة بيانات المستخدم مشفرة بشكل ثنائي ومحولة من منشيء البيانات الى واحد أو أكثر من مستلمي البيانات. من الممكن أن تتضمن علامة معينة لتعريفها مع بيان أسبقيتها .

(References: Doc 9880 Part I)

280. ATS Route :

A specified route designed for channelling the flow of traffic as necessary for the provision of air traffic services.

Note 1:- The term "ATS route" is used to mean variously, airway, advisory route, controlled or uncontrolled route, arrival or departure route, etc.

Note 2:- An ATS route is defined by route specifications which include an ATS route designator, the track to or from significant points (waypoints), distance between significant points, reporting requirements and, as determined by the appropriate ATS authority, the lowest safe altitude.

ڕێگەی (ڕێڕەوی) خزمەت گوزاریەکانی جموجوڵی ئاسمانی :

ڕێڕەوێکی ئاسمانییە دیاری ئەکرێت بۆ مەبەستی ڕێکخستنی لێشاوی جموجوڵی ئاسمانی بەپێی پێویستییەکانی جێبەجێکردنی خزمەت گوزارییەکانی جموجوڵی ئاسمانی .

تێبینی ١: دەستەواژەی (ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی جموجوڵی ئاسمانی) کە بەکار ئەهێنرێت ئاماژەیە بۆ ڕێڕەوی ئاسمانی یان بۆ ڕێگەیەکی ڕێنمایی یان بۆڕێگەیەکی چاودێریکراو یان بۆ چاودێری نەکراو یان ڕێگەیەک بۆ گەیشتن یان بەجێ هێشتن ..... هی تر.

تێبینی ٢ : ڕێگەی خزمەتگوزاری جموجوڵی ئاسمانی بە ڕەوشەکان پێناسە ئەکرێت بۆ ڕێگەی هەوایی ، ئەم پێناسەیە ڕێگەی خزمەت گوزارییەکانی هاتوچۆی ئاسمانی ئەگرێتەوە لەگەڵ ئاراستەکەی بۆ / یان لە خاڵە گرنگەکانەوە (خاڵەکانی ڕێگە) و ماوەی نێوان خاڵە گرنگەکان ، پێویستیەکانی پێراگەیاندن ، نزمترین بڵندی ئارام ، بەو شێوەیەی دەستەلاتی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی هاتوچۆی ئاسمانی دیاری ئەکات .

طريق خدمات الحركة الجوية :

طريق جوي محدد الغرض منه تنظيم إنسياب الحركة الجوية حسب متطلبات تأدية خدمات الحركة الجوية .

ملاحظة ١:- يستخدم مصطلح (طريق خدمات الحركة الجوية) للإشارة الى ممر جوي أو طريق إستشاري ، أو طريق مراقب أو غير مراقب ، أو طريق وصول أو مغادرة ، الى غير ذلك .

ملاحظة ٢:- يعرف طريق خدمات الحركة الجوية بمواصفات للطريق الجوي ، وتشمل هذه مسمى طريق خدمات الحركة الجوية ، والمسار الى أو من النقاط المهمة (نقاط الطريق) والمسافة بين النقاط المهمة ، ومتطلبات الإبلاغ ، والإرتفاع الآمن الأدنى ، حسبما تحدده السلطة المختصة بخدمات الحركة الجوية.

References : Annex 2, Annex 4, Annex 11, Doc 4444

281. ATS Surveillance Service :

A term used to indicate a service provided directly by means of an ATS surveillance system

خزمەت گوزاریی بینینگێریی لەلایەن خزمەت گوزارییەکانی هاتوچۆی ئاسمانییەوە :

دەستەواژەیەکە ئاماژەیە بۆ خزمەت گوزارییەک کە ڕاستەوخۆ لە سیستەمی بینیگێری سەربەخزمەت گوزارییەکانی هاتوچۆی ئاسمانی پێشکەش ئەکرێت .

خدمة الاستطلاع التي تقدمها خدمات الحركة الجوية :

مصطلح يدل على خدمة تقدم مباشرة من نظام استطلاع تابع لخدمات الحركة الجوية .

References : Annex 1, Annex 15, Doc 4444, Doc 9613, Doc 9931, Doc 9905, Doc 9993

282. ATS Surveillance System :

A generic term meaning variously, ADS-B, PSR, SSR or any comparable ground-based system that enables the identification of aircraft.

Note:- A comparable ground-based system is one that has been demonstrated, by comparative assessment or other methodology to have a level of safety and performance equal to or better than monopulse SSR .

سیستەمی بینینگێری سەربەخزمەت گوزارییەکانی هاتوچۆی ئاسمانی :

دەستەواژەیەکی گشتییە و فرە واتایە کە پەخشی بینینگێری (خۆبەخۆ یان ڕاداری گەڕانی لاوەکی یان ڕاداری گەڕانی سەرەتایی یان هەر سیستمێکی زەمینی) ئەگرێتەوە کە یارمەتی ناسینەوە و پێناسەی فرۆکەکان بکات .

تێبینی :- سیستەمی زەمینی هاوشێوە ئەو سیستمەیە کە کردەکانی هەڵسەنگاندنی بەراوردکاری سەلماندوە یان هەر بەرنامەیەک کە ئاستەکەی لە بواری سەلامەتی

و جێبەجێکردندا باشتر بێت یان کەمترنەبێت لە ئاستی کارکردنی ڕادارای گەڕانی لاوەکی تاک تڕپە .

نظام الاستطلاع التابع لخدمات الحركة الجوية :

مصطلح عام يتعدد معناه بحيث يشمل إذاعة الاستطلاع التابع التلقائي أو الرادار الباحث الأولي أو الرادار الباحث الثانوي أو أي نظام أرضي مشابه يساعد على تمييز هوية الطائرات .

ملاحظة :- النظام الأرضي المشابه هو أي نظام أثبتت عمليات التقييم المقارن أو أي منهجية أخرى أن مستواه من حيث السلامة والأداء لا يقل عن مستوى أداء الرادار الباحث الثانوي وحيد النبضة أو أفضل منه .

(References: Annex 1 , Annex 4, Annex 15, Doc 4444, Doc 9613, Doc 9905, Doc 9931 , Doc 9993)



283. ATS Unit (ATSU) :

A generic term meaning variously , air traffic control unit , flight information centre or air traffic services reporting office .

یەکەی خزمەت گوزاریی جموجوڵی ئاسمانی :

دەستەواژەیەکی گشتییە بەواتای یەکەی خزمەتگوزاری هاتوچۆی ئاسمانی دێت یان واتای مەلبەندی زانیاریی کانی فڕۆکەوانی (فرین) یان واتای بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی کانی هاتوچۆی ئاسمانی دەگرێتەوە .

وحدة خدمات الحركة الجوية :

مصطلح عام قد يعني وحدة مراقبة الحركة الجوية أو مركز معلومات الطيران أو دائرة تقارير خدمات الحركة الجوية .

(References : Doc 9880 Part I)



284. Attendant Panel :

Control panel(s) intended for use by cabin crew to operate and / or nmonitor aircraft systems relevant to cabin crew duties during normal operations and in the event of emergency situations .

سەکۆی خزمەتچی :

بۆردێکی کۆنترۆڵە یان چەند بۆردێکی کۆنترۆڵکردنە ئامادەکراوە بۆ ئەوەی دەستەی کابینەی فڕۆکەکە بەکاری بهێنن بۆ بەگەڕخستن یان بینینی سیستەمەکانی فڕۆکەکە پەیوەستە بە ئەرکەکانی دەستەی کابینەی گەشتیاران لە کاتی کردە ئاساییەکان یان لە کاتی ڕووداندا کارەساتی ناهەموار .

منصة المضيف/المضيفة :

لوحة تحكم أو لوحات تحكم معدة ليستخدمها طاقم مقصورة الركاب لتشغيل و / أو رصد نظم الطائرة المتعلقة بواجبات طاقم مقصورة الركاب في أثناء العمليات العادية وعند حدوث حالات طوارىء .

(References : Doc 1002)

285. Attenuation :

The decrease in the laser beam power or energy as it passes through an absorbing or scattering medium .

کزکردن :

کەمکردنەوەی چڕی یان وزەی تیشکی لێزەر لەو کاتەی کە بە ناوەندێکا تێ ئەپەڕێت کە توانای هەڵمژین یان پەرشکردنی تیشکی هەیێت .

تخفيف :

تقليل شدة شعاع الليزر أو طاقته لدى مروره من خلال وسيط ذا تأثير ماص أو مشتت .

(References : Doc 9815)

286. Attitude :

Attitude is understood as behaviors that are acceptable or not in a given context. Attitudes are a component part of the trainees' required performance that is described in the intermediate objectives. Attitudes are taught to reflect the values and beliefs that students should hold to behave in an acceptable way .

هەڵوێست :

چەند هەڵس و کەوتێکی پەسەند یان نا پەسەندە لە چەند وێستگەیەکی دیاریکراودا ، هەڵس و کەوتەکانیش بەشێکن لە پێکهاتەی ڕاهێنراوەکان ، وا پێویست ئەکات باس بکرێن لە میانی ئەو ئامانجانەی کە دانراون ، ڕاهێنراوەکان فێری هەڵوێست و ڕەفتارەکان ئەکرێن تا لە بەها و بیروباوەڕەکاندا ڕەنگ بدنەوە و خوێندکارەکان بەشێوەیەکی گونجاو ڕەفتاربکەن .

الموقف :

سلوكيات مقبولة أو غير مقبولة في مواقف معينة . السلوكيات جزء من مكونات المتدربين يتطلب وصفها ضمن الأهداف المتوسطة الأجل . يتم تعليم المواقف والسلوكيات كي تعكس القيم والإعتقادات بأن على الطلاب أن يتصرفوا على نحو مقبول .

(References: Doc 7192 Part E-2)

287. Audit :

A systematic and objective review of a State's aviation framework to verify compliance with the provisions of the Chicago Convention or national regulation , conformance with or adherence to Standards and Recommended Practices (SARPs), procedures and good aviation safety practices .

وردبینی :

پێداچونەوەیەکی بەرنامەیی و بابەتییە بۆ پانتایی فرۆکەوانی لە وڵاتدا تا ئاستی پەیڕەوکردن بۆ بەندەکانی ڕێکەوتنی شیکاگۆ یان ڕێنمایەکانی ڕێکخستنی نیشتیمانی بزانرێت هەروەها بزانرێت ئاستی پابەندبوون و پەیڕەوکردن بە پێوەرەکان و ڕێکار و پێویستییەکانی سەلامەتی فرۆکەوانی لە چ ئاستێکدایە .

التدقيق :

استعراض منهجي وموضوعي لإطار الطيران في الدولة للتحقق من مدى الامتثال لأحكام اتفاقية شيكاغو أو اللوائح التنظيمية الوطنية ، ومدى الالتزام والتقيد بالمعايير والممارسات والإجراءات وممارسات السلامة الجوية الجيدة .

(References : Doc 9734 Part A and Part B, Doc 9735, Doc 9946, Doc 9962)

288. Audit Area :

One of eight audit areas pertaining to USOAP, i.e. primary aviation legislation and civil aviation regulations (LEG), civil aviation organization (ORG); personnel licensing and training (PEL); aircraft operations (OPS); airworthiness of aircraft (AIR); aircraft accident and incident investigation (AIG); air navigation services (ANS); and aerodromes and ground aids (AGA).

ڕووبەری وردبینی :

یەکێک لەو هەشت بوارەی ووردبینییە کە لە چوارچێوەی بەرنامەی جیهانی بۆ وردبینی سەلامەتی فرۆکەوانیدایە ، یاسا و ڕێساکانی فرۆکەوانی شارستانی بنەڕەتی (LEG) ، ڕێکخستنی فرۆکەوانی شارستانی (ORG) ، مۆڵەتەکانی کارمەندان و ڕاهێنان (PEL) ، بەگەڕخستنی فرۆکەکان (OPS) ، دروستی تۆکمەیی فرۆکەکان بۆ فرین (AIR) ، لێکۆڵینەوە لە ڕووداو و قەومانەکانی فرۆکەکان (AIG) ، خزمەتگوزاریەکانی کەشتیوانی ئاسمانی (ANS) ، فرۆکەخانەکان و یاریدەرە زەمینییەکان (AGA) .

مجال التدقيق :

أحد مجالات التدقيق الثمانية ضمن إطار البرنامج العالمي لتدقيق مراقبة السلامة الجوية ، أي تشريعات ولوائح الطيران المدني الأساسية (LEG) وتنظيم الطيران المدني (ORG) وإجازة العاملين والتدريب (PEL) وتشغيل الطائرات (OPS) وصلاحية الطائرات للطيران (AIR) والتحقيق في حوادث ووقائع الطائرات (AIG) وخدمات الملاحة الجوية (ANS) والمطارات والمساعدات الأرضية (AGA) .

(References: Doc 9735)

289. Authoritarian Leader :

Dictates action and the course of the team with little input from team members.

سەرکردەی بەدەسەلآت :

ئەو کەسەیە کە تەواوی کارەکان و ئاراستەی تیمەکە لە ئەستۆ ئەگرێت بە هاوبەشییەکی کەمی ئەندامانی تیمەکەی .

القائد المتسلط :

يملي عمل واتجاه الفريق مع مساهمة صغيرة من أعضاء الفريق .

(References: Doc 9824)

290. Authorized Agent :

A person who represents an aircraft operator and who is authorized by or on behalf of such operator to act on formalities connected with the entry and clearance of the operator's aircraft, crew, passengers, cargo, mail, baggage or stores and includes, where national law permits, a third party authorized to handle cargo on the aircraft.

بریکاری باوەڕپێکراو یان دەستەلآتدر :

ئەو کەسەی نوێنەری بەگەرخەری فڕۆکەکە کە ئەکات یان ڕێگەپێدراوە لەلایەن ئەوەوە یان لە جێگەی ئەوە بۆ تەواوکردنی ڕێکارە فەرمییەکان کە پەیوەندی هەیە بە چونی فڕۆکەکانی بەگەرخەر و ڕێکخستنیان ، تەواو کردنی ڕاپێکارییەکانی ئەندامانی دەستەی فڕۆکەوان یان گەشتیاران و ڕێوا یان کارگۆ و بارەکان یان پۆستە یان کالآو کەرەستە و هەلگیراوەکان ، هەرکاتێکیش لەلایەن یاسای نیشتمانییەوە ڕێگەبدرێت دەتوانرێت لایەنی سێیەم مۆلەتی پێبدرێت بۆ گواستنەوەی کالآو گەنجینەکراوەکان لەسەر فڕۆکەکە .

الوكيل المعتمد :

الشخص الذي يمثل مشغل الطائرة والمخول من قبله أو بالنيابة عنه باتمام الاجراءات الرسمية المتعلقة بدخول طائرات المشغل والتخليص عليها وانهاء اجراءات أعضاء طاقم الطائرة أو الركاب أو الشحنات أو البريد أو الأمتعة أو المخزونات، ويشمل، حيثما يسمح القانون الوطني بذلك، طرفا ثالثا مصرحا له بنقل البضائع على متن الطائرة.

(References: Annex 9, Doc 9944, Doc 9957)

291. Automatic Altitude-Control System :

A system that is designed to automatically control the aircraft to a referenced pressure altitude .

سیستمی خۆبەخۆ بۆ جلەوکردنی بەرزی :

سیستمێکی دروستکراوە بۆ ڕکێفی (کۆنترۆڵ کردنێکی) ڕاستەوخۆ بەسەر بەرزی فڕۆکەکە بەپێی فشاری هەوایی دیاری کراو .

النظام التلقائي للسيطرة على الإرتفاع :

نظام مصمم للسيطرة بشكل تلقائي على إرتفاع الطائرة إستنادا الى ضغط جوي معين .

(References : Doc 9937)



292. Automatic Altitude-keeping Device :

Any equipment which is designed to automatically control the aircraft to a referenced pressure - altitude .

ئامێری پارێزگاری بەرزیی خۆبەخۆ :

هەر سیستمێک یان ئامێریک دیزاین کرابێت بۆ چاودێری فڕۆکەکە بەپێی بەرزیی فشاری گەڕاوە .

جهاز المحافظة تلقائياً على الارتفاع :

أي جهاز مُصمم لمراقبة الطائرة وفقاً لارتفاع ضغطي مرجعي .

(References: Doc 9574)



293. Automatic Dependent Surveillance (ADS) :
A surveillance technique in which aircraft automatically provide, via a data link, data derived from on-board navigation and position-fixing systems, including aircraft identification, four-dimensional position and additional data as appropriate .

بینینگێری خۆبەخۆ :
تەکنیکێکی بینیگێریەیە (سوسەکارییە) بەهۆیەوە فرۆکەیەک دەتوانێت زانیاریە پێویستییەکانی دابین بکات بەشێوەیەکی خۆبەخۆ لەسەر لکێکی زانیاری (داتا بەیسێک) لە سیستمە کەشتییوانیە هەڵگیراوەکانی سەر فرۆکەکانی تر و سیستمی دیاریکردنی شوێنی فرۆکەکە کە پێناسەی فرۆکەکە و شوێنەکەی بە چوار لایی (لە هەر چوار لاوە) و چەند زانیارییەکی تری گونجاو لەخۆ ئەگرێت .

الإستطلاع التابع التلقائي :
تقنية إستطلاع التي من خلالها تقوم الطائرة وبشكل تلقائي من خلال وصلة بيانات توفير بيانات من النظم الملاحية المحمولة على متنها ونظم تحديد الموقع تتضمن تعريف الطائرة وموقع الطائرة بأربعة أبعاد وبيانات إضافية ملائمة .
(References: Annex 3, Doc 9694, Doc 9880 Part I)

294. Automatic Dependent Surveillance (ADS) Agreement :
An ADS reporting plan which establishes the conditions of ADS data reporting (i.e. data required by the air traffic services unit and frequency of ADS reports which have to be agreed to prior to the provision of the ADS services).
Note:- The terms of the agreement will be exchanged between the ground system and the aircraft by means of a contract, or a series of contracts .

ڕێکەوتنی بینینگێری خۆبەخۆیی :
پلانی ڕاپۆرتەکانی بینیگێری خۆبەخۆیە ، ئەم پلانە مەرجی زانیاریەکانی ڕاپۆرتی بینینگێری خۆبەخۆ دیاری ئەکات (بۆ نمونە/ زانیاریە داواکراوەکان لەلایەن یەکەکانی خزمەتگوزاری جموجۆڵی هەوایی و دووبارە کردنەوەی ڕاپۆرتەکانی بینینگێری خۆبەخۆ کە پێویستە پەسەند بکرێت بەر لە پێشکەشکردنی خزمەت گوزاریی بینیگێری خۆبەخۆ) .
تێبینی :- مەرجەکانی ڕێکەوتنامەکە ئاڵوگۆڕدەکرێت لە نێوان سیستمی زەمینی و فرۆکەکە بەهۆی گرێبەستێک یان چەند گرێبەستێک .

إتفاق الإستطلاع التابع التلقائي :
خطة تقارير الإستطلاع التابع التلقائي التي تحدد شروط بيانات تقارير الإستطلاع التابع التلقائي (مثال ذلك : البيانات المطلوبة من قبل وحدات خدمات الحركة الجوية وتكرار تقارير الإستطلاع التابع التلقائي التي يجب الموافقة عليها قبل تقديم خدمات الإستطلاع التابع التلقائي) .
ملاحظة :- شروط الإتفاقية سيتم تبادلها بين النظام الأرضي والطائرة من خلال عقد أو سلسلة من العقود .
(References: Doc 9694)

295. Automatic Dependent Surveillance (ADS) Application :
An ATN application that provides ADS data from the aircraft to the ATS unit(s) for surveillance purposes.

جێبەجێکردنی بینینگێری خۆبەخۆیی :
جێبەجێکردن بەکارهێنانی تۆری پەیوەندییەکانی فرۆکەوانی (ATN) ، بەهۆیەوە زانیاریەکانی بینینگێری خۆبەخۆ بۆ یەکەکانی هاتوچۆی ئاسمانی بۆ مەبەستی بینینگێری دابین ئەکرێت .

تطبيق الإستطلاع التابع التلقائي :
تطبيق بإستخدام شبكة إتصالات الطيران (ATN) يتم من خلاله تزويد وحدات خدمات الحركة الجوية ببيانات الإستطلاع التابع التلقائي لأغراض الإستطلاع .
(References: Doc 9880 Part I)

296. Automatic Dependent Surveillance -Broadcast (ADS-B) :
A means by which aircraft, aerodrome vehicles and other objects can automatically transmit and / or receive data such as identification, position and additional data , as appropriate, in a broadcast mode via a data link .

پەخشی زانیاریەکانی بینینگێری خۆبەخۆ :
ئامرازێکە بەهۆیەوە فرۆکەکان و ئۆتۆمبیلەکانی

فڕۆکەخانــە و ئەوانەی تــر دەتوانن پەخشــی لێوەبکەن یان ڕاســتەوخۆ داتا و زانیاریەکانی لــێ وەربگرن وەکو زانیاریەکانــی پێناســە و شــوێن و هــەر زانیارییەکی تر بەپێی پێویست بە شــێوەی پەخشکردن لە ڕێگەی لینکی زانیارییەکانەوە .

إذاعة الإستطلاع التابع التلقائي :

هي وسـيلة تستطيع بها الطائرات وعربات المطار وغيرها أن تبث و / أو أن تستقبل تلقائيا بيانات مثل بيانات الهوية والموقع والبيانات الإضافية ، حسب الإقتضاء ، في شكل إذاعي عن طريق وصلة بيانات .

(References: Annex 2, Annex 11, Annex 15, Doc 4444)



297. Automatic Dependent Surveillance-Broadcast (ADS-B) : ADS-B is a surveillance application transmitting parameters , such as position, track and ground speed, via a broadcast mode data link , at specified intervals , for utilization by any air and / or ground users requiring it. ADS-B is a data link application .

پەخشی زانیاریەکانی بینینگێری خۆبەخۆ :

جێبەجــێ کردنــی بینینگێریەکانــە کە تێیدا پەخشــی زانیاریەکان دەکرێت وەک شــوێن و ئاراستە و خێرایی زەمینــی لە ڕێگەی لیســتێکی (لکێکی) زانیاری لە کاتە دیــاری کراوەکاندا بۆ ئەوانەی پێویســتیانە بەمەبەســتی بەکارهێنانیان لەلایەن بەکارهێنەرانی هەوایی و زەمینیەوە ، پەخشــی زانیاریەکانی بینینگێری خۆبەخۆ لە ڕێگەی لکێکی زانیارییەوە دەبێت .

بث بيانات الإستطلاع التابع التلقائي :

تطبيقات إســتطلاع يتم من خلالها بث بيانات مثل الموقع و الإتجــاه والسرعة الأرضية من خلال وصلة بيانات بأوقات محددة لغرض إســتخدامها من قبل المستخدمين الجويين والأرضيين الذين يحتاجونها ويكون بث بيانات الإستطلاع التابع التلقائي عن طريق وصلة بيانات .

(Reference : Doc 9694)

298. Automatic Dependent Surveillance-Broadcast (ADS-B) IN :

A function that receives surveillance data from ADS-B OUT data sources .

پەخشی زانیاریی بینینگێری خۆبەخۆی (وەرگیراو) :

کارێکــە لێوەی دەتوانرێــت زانیارییــە بینینگێریەکان لە سیســتمی پەخشــی بینینگێری خۆبەخــۆ وە وەربگیرێت لەسەرچاوەکانی زانیارییەوە .

بث بيانات الإستطلاع التابع التلقائي (المستلمة) :

وظيفة يتم من خلالها إستلام بيانات إستطلاع من منظومة بث بيانات الإستطلاع التابع التلقائي من مصادر بيانات .

(References: Annex 10 Volume IV, Doc 9871)

299. Automatic Dependent Surveillance-Broadcast (ADS-B) OUT :

A function on an aircraft or vehicle that periodically broadcasts its state vector (position and velocity) and other information derived from on-board systems in a format suitable for ADS-B IN capable receivers .

پەخشــی زانیاریەکانــی بینینگێــری (ســوســەکاری) خۆبەخۆی (نێردراو) :

کارێکە لەسەر فرۆکەکە یان لەسەر ئۆتۆمبیلێک ئەکرێت بە هۆیەوە پەخشی چەند زانیاریەکیان بۆ دەکرێت لەسەر شــوێن و خێرایی و چەند زانیاریەکــی تری هەلهێنجراو (وەرگیراو) لە سیستمەکانی تروە کە لەسەر فرۆکەکەن یان لە سەرئۆتۆمبیلەکەن بەشــێوەیەک پەخش ئەکرێت کە بگونجێت لەگــەڵ توانای وەرگرتنی سیســتمەکانی وەرگرتنی بینینگێری خۆبەخۆ .

بث بيانات الإستطلاع التابع التلقائي (المرسلة) :

وظيفــة على الطائرة أو في عربة يتم من خلالها بث معلومات عن حالتها من حيث الموقع والسرعة مع بيانات أخرى مستخلصة من المنظومات التي على متنها بصيغة تتناسب مع قدرات الإستلام الخاصة بمنظومة إستلام الإستطلاع التابع التلقائي .

(References: Annex 10 Volume IV, Doc 9871)

300. Automatic Dependent Surveillance - Contract (ADS-C) :

A means by which the terms of an ADS-C agreement will be exchanged between the ground system and the aircraft, via a data link, specifying under what conditionsADS-C reports would be initiated, and what data would be contained in the reports.

Note:- The abbreviated term "ADS contract" is commonly used to refer to ADS event contract, ADS demand contract, ADS periodic contract or an emergency mode.

ڕێکەوتنی (سوسەکاری) بینینگێری خۆبەخۆ :

ئامرازێکە بەهۆیەوە ئالۆگۆڕی مەرجەکانی ڕێکەوتنی بینینگێری خۆبەخۆ ئەکات لە نێوان سیستەمی زەمینی و فڕۆکەکە لە ڕێگەی لکی زانیاریەکان ، ئەم ڕێکەوتنامەیە مەرجەکانی دەستپێکردن دیاری ئەکات لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانی ڕێکەوتنی بینینگێری خۆبەخۆ لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە لەو ڕاپۆرتانەدان .

تێبینی :- دەستەواژەی (ڕێکەوتن نامەی بینینگێری خۆبەخۆ) بەکارئەهێنرێت بەومەرجەی واتای ڕێکەوتنامەیەک بێت بۆ یەکێک لە ڕێکەوتنەکانی بینینگێری خۆبەخۆ یان ڕێکەوتنامەیەک بێت بۆ داواکردنی بینینگێری خۆبەخۆ یان ڕێکەوتنامەیەکی دەوری بێت (نۆرەکاری) بۆ بینینگێری خۆبەخۆ یان هەرئامانجێکی کتوپڕی .

عقد الإستطلاع التابع التلقائي :

وسيلة يتم بموجبها تبادل شروط إتفاق عقد الإستطلاع التابع التلقائي بين النظام الأرضي والطائرة عن طريق وصلة بيانات ، وهذا العقد يحدد شروط البدء في تقديم تقارير عقد الإستطلاع التابع التلقائي والبيانات التي سوف تتضمنها هذه التقارير .

ملاحظة:- المصطلح (عقد الإستطلاع التابع التلقائي) يستخدم عادة بحيث يعني عقدا لأحد أحداث الإستطلاع التابع التلقائي ، أو عقدا لطلب الإستطلاع التابع التلقائي ، أو عقدا دوريا للإستطلاع التابع التلقائي ، أو منوالا للطوارىء.

(References: Annex 2, Annex 10 Volume III, Annex 11, Annex 15, Doc 4444)

301.Automatic Flight Control System (AFCS) with Coupled Approach Mode :

An airborne system which provides automatic control of the flight path of the aeroplane during approach .

سیستەمی ڕکێفی خۆبەخۆی فرینی پەیوەست بە شێوەی نزیکبونەوە :

سیستەمێکە لەسەر فڕۆکەکان بەستراوە خۆبەخۆ ئاراستەی فڕۆکەکە دابین ئەکات بەدرێژایی کردەی نزیک بوونەوە .

نظام التحكم التلقائي في الطيران مقترنا بطريقة الاقتراب :

نظام محمول على متن الطائرة يسيطر تلقائيا على مسار الطائرة طوال عملية الاقتراب .

(References: Doc 9365)

302. Automatic Identification System :

A system used by ships and vessel traffic services (VTS), principally for identifying and locating vessels.

سیستەمی ناسینەوەی خۆیی :

سیستەمێکە کەشتی و خزمەت گوزاریەکانی جموجۆڵی کەشتیەکان بەکاری ئەهێنن بۆ ناسینەوەی کەشتیەکان و دیاریکردنی شوێنەکانیان .

نظام التعرف التلقائي :

نظام تستخدمه السفن وخدمات حركة السفن أساسا للتعرف على السفن وتحديد موقعها .

(References: Doc 9731 Volume I, Volume II and Volume III)

303. Automatic Landing System :
The airborne system which provides automatic control of the aeroplane during theapproach and landing.

سیستمی خۆبەخۆیی بۆ نیشتنەوە :
سیستمێکە لەسەر فڕۆکەکان بەستراوە کۆنترۆڵی خۆبەخۆ بۆ ئاراستەی فڕۆکەکە ئەکات بەدرێژایی ئاڕستەی نزیک بونەوە و نیشتنەوەی فڕۆکەکە .

النظام التلقائي للهبوط :
نظام تلقائي محمول على متن الطائرة يسيطر تلقائيا على مسار الطائرة طوال اقترابها وهبوطها .

(References : Doc 9365)



304. Automatic Relay Installation :
A teletypewriter installation where automatic equipment is used to transfer messagesfrom incoming to outgoing circuits.
Note:- This term covers both fully automatic and semiautomatic installations.

دەزگاکانی گۆڕینی خۆبەخۆی زانیاریەکان :
چەند دەزگایەکی چاپی تیشکیبە دابینکراوە ، تێیدا چەند ئامێرێک بەکارئەهێنرێت بۆ گۆڕینی نامەکان بەشێوەیەکی خودی لە بازنەکانی وەرگرتنەوە بۆ بازنەکانی نێردەر .
تێبینی :- مەبەستە لەو دەستەواژەیە ئەو شتانەیە کە ڕەوشی خۆبەخۆی تەواو یان نیوە تەواوی هەیە .

أجهزة تحويل البيانات تلقائيا :
تجهيزات لطابعات مبرقة تستخدم فيها أجهزة تقوم بتحويل الرسائل بشكل تلقائي من دوائر الإستلام الى دوائر الإرسال .
ملاحظة :- هذا التعبير يقصد به التجهيزات ذات المواصفات التلقائية الكاملة أو نصف الكاملة .

(References: Annex 10 Volume II)

305. Automatic Telecommunication Log :
A record of the activities of an aeronautical telecommunication station recorded byelectrical or mechanical means .

تۆماری پەیوەندییە ڕاستەوخۆکان :
تۆمارێکە کە تەواوی چالاکییەکانی پەیوەست بە وێستگەکانی پەیوەندییە فڕۆکەوانییەکانی تیا تۆمارەدەکرێن ئەو تۆمارکردنە بەهۆی ئامرازی کارەبایی یان میکانیکییەوە جێبەجێ ئەکرێت .

سجل الإتصالات التلقائية :
سجل تدون به النشاطات المتعلقة بمحطات إتصالات الطيران حيث يتم تدوين تلك النشاطات بواسائل كهربائية أو ميكانيكية .

(References: Annex 10 Volume II)

306. Automatic Terminal Information Service (ATIS) : The automatic provision of current, routine information to arriving and departing aircraft throughout 24 hours or a specified portion thereof :
Data link-automatic terminal information service (D-ATIS)
The provision of ATIS via data link .
Voice-automatic terminal information service (Voice-ATIS):
The provision of ATIS by means of continuous and repetitive voice broadcasts.

خزمەتگوزاری خۆبەخۆ بۆ زانیاریەکانی دوا وێستگە :
خزمەتگوزاریەکە دەم و دەست زانیاریە ئاساییەکان و زانیاریە هەرەمەکییەکان پێشکەش ئەکات بۆ فڕۆکە هاتووەکان و ڕۆیشتووەکان لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر یان هەر ماوەیەکی دیاریکراودا :

- خزمەتگوزاری خۆبەخۆیی بۆ زانیاریەکانی وێستگەی کۆتایی بەهۆی لینکی زانیاریەکانەوە : خزمەتگوزاریەکە زانیاریەکانی وێستگەی کۆتایی پێشکەش ئەکات بەهۆی لکێکی زانیاریەوە .
- خزمەتگوزاری خۆبەخۆ بۆ زانیاریەکانی وێستگەی کۆتایی بەدەنگ : خزمەتگوزاریەکە زانیاری وێستگەی کۆتایی پێشکەش ئەکات لە ڕێگەی پەخشی دەنگی بەردەوام و دووبارکردنەوەوە.

الخدمة التلقائية لمعلومات المحطة النهائية :
خدمة تقدم تلقائيا المعلومات الجارية والمعلومات الروتينية الى الطائرات الوافدة والمغادرة على مدى ٢٤ ساعة أو أي مدة فرعية محددة :

الخدمة التلقائيــة لمعلومات المحطة النهائية عبر وصلة البيانات : خدمة تقدم معلومات المحطة النهائية عبر وصلة بيانات .
الخدمة التلقائية لمعلومات المحطة النهائيــة بالصوت : خدمة تقدم معلومات المحطة النهائية عن طريق إذاعة صوتية متواصلة ومتكررة .

(References: Annex 10 Volume III, Annex 11, Annex 15, Doc 4444, Doc 9432)

307. Automatic Testing :
FSTD testing wherein all stimuli are under computer control .

تاقیکردنەوەی خۆیی :
تاقیکردنەوەی ئامرازی ڕاهێنانە لەسەر فرین کە سەرجەم لایەنەکانی کۆنترۆڵ کراون لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە .

الإختبار التلقائي :
إختبار وسيلة التدريب على الطيران من خلال جعل كل المحفزات مسيطر عليها من قبل الكومبيوتر .

(References: Doc 9625 Volume I)

308. Automation :
The automatic operation or control of equipment , a process , or a system .

بەگەڕخستنی ئامێری :
خستنەکار یان چاودێری کردنی ئامێرەکان یان کردەکان یان سیستمەکان بەشێوەیەکی ئامێری .

التشغيل الآلي :
تشغيل أو مراقبة المعدات، أو العمليات أو النظم بشكل آلي .

(References: Doc 9906 Volume 3)

309. Autonomous Entity :
An independent entity established for the purpose of operating and managing one or more airports and/or air navigation services, which is empowered to manage and use the revenues it generates to cover its costs.

دەستەی سەربەخۆ :
پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە دائەمەزرێنرێت بۆ بەگەڕخستن و بەڕێوەبردنی فڕۆگەخانەیەک یــان زیاتر یان خزمەت گوزاریی کەشتیوانی ئاسمانی ، ئەو پێکهاتەیە دەستەلاتی بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی داهاتەکانی هەیە بۆ داپۆشــینی تێچوەکانی .

الهيئة المستقلة :
كيان مستقل يتم تأسيسه لتشغيل وإدارة مطار واحد أو أكثر و / أو خدمات ملاحة جوية ، وله سـلطة إدارة وإستعمال الإيرادات التي يدرها لتغطية تكاليفه .

(References : Doc 9161 , Doc 9562)

310. Auxiliary Power-Unit (APU) :
self-contained power-unit on an aircraft providing electrical / pneumatic power to aircraft systems during ground operations .

یەکەی توانا لاوەکیەکان (یەدەکەکان) :
یەکەیەکــی بەتوانایــە لە نــاو فرۆکەکــەدا بەتەنیا وزەی کارەبا دابین دەکات / یان هەواێ پەســتاو دابین دەکات بۆ ئامێرەکانی فرۆکەکە لە کاتی کردە زەمینیەکاندا .

وحدة القدرة الثانوية (الإحتياطية) :
وحدة قدرة قائمة بذاتها على طائرة وتوفر الطاقة الكهربائية / الهواء المضغوط لأجهزة الطائرة خلال العمليات الأرضية.

(References: Annex 16 Volume I, Doc 9889)

311. Availability :
The probability that an operational communication transaction can be initiated when needed .

بوون / هەبوون :
توانای دەســت کردن بە پەیوەندییەکانی بەگەڕخســتن ئەگەر پێویست بکات .

التوفر :
احتمال التمكن من الشروع في معاملة اتصال تشغيلي إذا اقتضت الحاجة ذلك .

(References : Doc 9869)

312. Average Power:
The total energy imparted during exposure divided by the exposure duration.

چڕیەکی مام ناوەند (تێکڕای چڕی) :
ســەرجەم ئەو وزەیەی کــە پەیدادەبێــت لەکاتی (ڕوو بەرکەوتن) کارتێکردن دابەش بەسەر ماوەی کارتێکردن.

متوسط الشدة :
إجمالي الطاقة المنبعثة أثناء التعرض مقسومة على مدة التعرض .

(References : Doc 9815)

313. Aviation Safety Inspector :

For the purposes of Annex 9, an aviation safety inspector is an individual, designated by a Contracting State, who is charged with the inspection of the safety-related aspects of air transport operations as directed by the appropriate authority .

Note:- Examples of safety inspectors include airworthiness or flight operations and any other safety related aspects of air transport operations .

پشکنەری سەلامەتی فڕین :

بۆ مەبەستەکانی پاشکۆی (٩) ، پشکنەری سەلامەتی فڕین ئەوکەسەیە کە وڵاتی ئەندام دای ئەمەزرێنێت بۆ جێبەجێکردنی کردەکانی پشکنین پەیوەست بە لایەنەکانی سەلامەتی لە سەر کردەکانی گواستنەوەی ئاسمانی بەپێی ڕێنمایەکانی دەستەوڵاتیی تایبەتمەند .

تێبینی :- نمونە / پشکنەری دروستی تۆکمەیی فڕۆکەکان بۆ فڕین / یان کردەکانی فڕین یان هەر لایەنێکی تر لە کردەکانی گواستنەوەی ئاسمانی کە پەیوەندیی بەسەلامەتییەوە هەبێت .

مفتش سلامة الطيران :

لأغراض الملحق (٩) مفتش سلامة الطيران هو فرد تعينه دولة متعاقدة لإجراء عمليات تفتيش في الجوانب المتعلقة بالسلامة على عمليات النقل الجوي وفقا لتوجيهات السلطة المختصة .

ملاحظة:- تشمل الأمثلة عن مفتشي السلامة مفتشي صلاحية الطائرات للطيران أو عمليات الطيران وأي جوانب أخرى من عمليات النقل الجوي متعلقة بالسلامة .

(References : Doc 9957)

314. Awareness Stage :

A period during which the SAR system becomes aware of an actual or potential incident.

قۆناغی هۆشیار بونەوە (بە ئاگابوون) :

ئەو ماوەیەیە کە تێیدا سیستەمی گەران و فریاکەوتن بە ڕووداوەکان یان نزیکبوونەوە لە ڕووداو سیستەمەکە تیا هۆشیار ئەبێتەوە یان بە ئاگا دێت .

مرحلة الإدراك :

الفترة التي يدرك خلالها نظام البحث والإنقاذ وقوع حادث فعلي أو محتمل .

(References : Doc 9731 Volume II)

315. Azimuth Count (or Change) Pulses (ACPs) :

Output pulses of the incremental azimuth measuring device fitted to the radar antenna turning platform (turning gear) . The encoding device may give its output in serial or parallel form, but typically provides 4 096 pulses (12 bit encoding), 16 384 pulses (14 bit encoding) or 65 536 pulses (16 bit encoding) in serial form per 360° in azimuth .

ئەژمارکردنی تڕپەی گۆشەی سێرە (گۆڕین) :

ئەو تڕپانەیەکە لە ئامێری پێوانەی گۆشەی سێرەوە لە ئەنتێنای ڕادارەوە دەرئەچێت ، ئامێری کۆدین (شفرە) ئەنجامەکان بەشێوەیەکی یەک لە دوای یەک یان تەریب ئەداتەوە و بە شێوەیەکی گشتی یان ٤٠٩٦ تڕپە دابین دەکات (١٢ پارچە شفرەچی) یان ١٦٣٨٤ تڕپە (١٤ شفرەچی) یان ٦٥٥٣٦ تڕپە (١٦ پارچە شفرەچی) بەشێوەی یەک دوای یەک بۆ هەر (٣٦٠) پلە لە گۆشەی سێرە .

إحتساب نبضات زاوية السمت (أو التغيير) :

النبضات الخارجة من جهاز قياس زاوية السمت التي يزود بها هوائي الرادار حيث أن أداة التشفير قد تعطي نتائجها بشكل متسلسل أو متواري ولكنها بشكل عام توفر ٤٠٩٦ نبضة (١٢ قطعة تشفير) أو ١٦٣٨٤ نبضة (١٤ قطعة تشفير) أو ٦٥٥٣٦ نبضة (١٦ قطعة تشفير) بشكل متسلسل لكل ٣٦٠ درجة في زاوية السمت .

(References : Doc 8071 Volume III)

316. Azimuth Extension (Plot Length, Data Theta):

An azimuth increment, often expressed as a number of ACPs, from detection of the leading edge of a radar plot to detection of the trailing edge of that plot, in a digital plot extractor system.

درێژ بوونی گۆشەی سێرە (درێژی وێنەی زانیاری Data Theta) :

زیادەیەک لە گۆشەی سێرە زۆرجار وەک ژمارەی جێبەجێکردنی پەیوەندی کردن (ACP) دەرئەبڕدرێت لە چرکە ساتی بینینی قۆناغەکانی زۆر لە پێشی نەخشەی ڕادارەکە تا چرکەساتی بینینی قەراغی(لێواری) پشتەوەی ئەو نەخشەیە بە بەکارهێنانی سیستەمی شی

كردنەوەی ژمارەیی .

إمتداد زاويةِ السمت (طول الرسم البياني ، Data Theta) :

زيادة في زاوية السمت غالبا ما يعبر عنها كعدد حالات أداء الإتصال الفعلي (ACP) من لحظة كشف المرحلة الأكثر تقدما لخارطة الرادار الى لحظة كشف الحافة الخلفية لتلك الخارطة بإستخدام نظام تحليل رقمي .

(References : Doc 8071 Volume III)







شێوازی بیناسازی و گەشەسەندنی بەپێی قۆناغەکانی میژوو

چۆنیەتی گەیشتمان بە شێوازی بیناسازی بڕەوگیر

The History of Building Construction Methods from its Being to the Sustainable Building Construction

ئامادەکردنی
ئەندازیاری شارستانی
هەردی مستەفا ئەحمەد

پێشەکی :

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە گەشەسەندنی فیکری ئەندازەیی مرۆڤ لە ٩٠٠٠ سال بەرلە زاین تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ ، هەرچەندە ماوەی لێکۆڵینەوەکە کورتە لێرەداو زۆر بە وردی نەچوومەتە ناو هەموو وردەکاریەکانەوە چونکە ئەوە بابەتی نوسینی چەندان کتێبە بەڵام وەک هەوڵێک و خزمەتێکی بچووک بە بواری ئەندازیاری لە ماوەی داهاتوو هەوڵی ئەوە دەدەم کە کتێبێکی تایبەت دەربارەی بابەتی بڕەوگیری و بیناسازی نوێ و پێویستیەکانی کوردستان لەو ڕووەوە بخەمە ڕوو .

سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی بنیادنان و ماددە بەکارهاتووەکان و تواناو سەلیقەی مرۆڤ لە ئامێرسازی و بنیادنان بەدرێژایی میژوو ئیلهامی داهێنانەکانی ئەمرۆن لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا ، بەتایبەت شارستانیەتی (میسۆپۆتامیا) کە ئەو خاکەیە ئەمرۆ لەسەری دەژین و بێ ئاگایانە زۆرجار ستایل و هونەری نەشازی بیناسازی تیادا جێبەجێ دەکەین و بۆ بنەماکانی زۆر دوور دەڕۆین بەڵام ئەو خۆی لە نزیکمانە .

لەبیرمان نەچێت کە شارستانیەتە کۆنەکان بەبێ گەشەی بیناسازی و بنیادنانی پرد و ڕێگاوبان و بەنداوو پەرستگاکان ناویان نەدەما ، بۆیە شارەزاییمان لە بنیادنان و سوود وەرگرتن لە کەرەستەی سادە و دۆستی ژینگە گرنگترین بابەتی ئەمرۆی خۆگونجاندن و سەلامەت مانەوەی پاشخانی بیناسازی و ژێرخانی ئەندازەیی ئەم نەوەیە بۆ نەوەی داهاتوو ، باپیرانی مرۆڤایەتی لە کەرەستەی سادەی وەک ئاوو قور و قامیش و بەرد (سۆمەر و بابل و ئەکاد و میترا و میصر و ڕۆما و ئەپینا و ...هتد) یان بنیاد نا با بزانین ئێمە چی بنیاد دەنێین ؟!

ئەم سەردەمە نوێیە هەرجەندە پێشکەوتن و گۆڕانکاری باش و خێرای بەدوای خۆیدا هێناوە ، لەهەمانکاتدا لەئەنجامی چالاکی و هەڵپەی خراپی مرۆڤیش کۆمەڵێک کارەسات و ئافاتی ژینگەیی بەدوای خۆیدا هێناوە کە ئێستا مرۆڤایەتی خۆی دەرگیریانە و ئەگەر بە وردی لەسەر هەموو ئاستەکان کاری تیادا نەکرێت دوورنیە کە چارەنووسی مرۆڤایەتی دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەو ململانێی سەخت ببێت لەگەڵ سروشت گەورەترین بواریش کە گرنگە مرۆڤ باشتر بنیادی بنێت کەرتی بیناسازیە ، بۆچی ؟

چونکە بەپێی تۆێژینەوەکان مرۆڤی هاوچەرخ نزیکەی ٩٠٪ ی کاتەکانی ژیانی لەناو بیناو بالەخانەکاندا

بەسەردەبات جا ئەگەر بینای (نیشتەجێ - کارگێری و شوێنی کار - بازاڕو مۆڵەکان - فڕۆکەخانەو تێرمینالەکانی گواستنەوەو ....هتد) بن .

بۆیە لێکۆڵینەوەیەکی وردو بدواداچوونی زۆرمان پێویستە لەم بارەیەوە کە بتوانین ئەزموونی گەشەسەندنی بیناسازی لە رابردوو ئێستاو داهاتوو پێکەوە ببەستین و پلانێکمان هەبێت کە مال و بیناو باڵەخانەکانمان لە ژینگەو خۆشگوزەرانی مرۆڤ دانەبڕین .

هەرچەندە ئەم کارە لە توێژینەوەیەکی ئاوهادا قورسە بەتەواوی بینە هەموو بوارەکانیەوە ، بەڵام دەکرێت سەرەتایەک بێت بۆ جوڵاندنی بابەتەکە بەپێی هەل و مەرجی وڵاتی خۆمان و پاڵنەرێکیش بێت بۆ بەندە کە کۆمەڵە وتار و کتێبێک لەو بارەیەوە بخەمە ڕوو .

سەرەتا مێژووی بیناسازی و بنیادنان و هۆکارەکانی پەیدابوونی :

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین کە شارستانیەت بێ بیناسازی بوونی نیە لە هیچ سەردەمێکدا ، چونکە ڕەوتی مرۆڤایەتی بێ کاریگەری بیناسازی لە نیشتەجێ بوون و دروستکردنی مال و پەرستگاو پردو بەنداوو جۆگەی ئاودێری و ...هتد بەڕەوپێش نەدەچوو وە ڕەنگە هەر لە سەرەتادا بخنکایە .

بەڵام خۆشبەختانە مرۆڤ توانی لەڕێگەی بەکاربردنی ژیری و توانای خۆیەوە پەی بە نهێنیەکانی سروشت بەرێت و لە ماددەکانی سروشت کەرەستەی سادەی بیناسازی و ئامێر و بیناکان دروست بکات هەروەک «ئێرنست بۆردین» لە کتێبی (Elements of Architectural Design)دا دەڵێت :(مرۆڤ هەر لە ئەزەلەوە بە غەریزەی خۆی هەستی بیناسازی تیادا بووە وەک پەناگە و شوێنی نیشتەجێ ، یان پەرستگەو شوێن نزرگە ، یان شوێنی کار ، یان جێگەی کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی و ...هتد) .

هەستی پەناگیری و نیشتەجێ بوون شتێکی غەریزی بووە لەهەموو ئەو جۆرانەی کە باسکران لە بیناسازیدا ، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە بیناسازی کۆکراوەیەکی وەزیفی یە واتە (Functional Composition) ، کە مەبەستی ژیانی دەدات بە مرۆڤ وە یەکانگیرە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەو سەردەمەکەیدا .

هەر لێرەوەیە کە کە هونەری بنیادنان و بیناسازی پابەندە بەکاریگەری - شارستانی و سەردەماتیک و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و ئاوو هەوایی .

هەروەها بوردین پێی وایە کە بیناسازی زۆر تێکەڵی بابەتی مێژووی شارستانیەتە ، چونکە زۆرێک لە شارستانیەتەکان ڕەنگە بڕێکی زۆری بەڵگەو نوسینیان لێ جێ نەمابێت بەڵام بەهۆی مانەوەی هونەری بیناسازی و ئاسەواری کۆشک و تەلارو باڵەخانەو نزرگەکانیان ئێمە ئێستا زانیاریمان لەسەریان زۆربێت وە بتوانین بەشێک لەو مێژووە شیکار بکەین و سوود لە لایەنە باشەکانی و ئەزموونەکانی وەرگرین کەواتە لێرەدا خاڵێکی پرشنگداری تر لەسەر هونەری بنیادنان و بیناسازی دەردەکەوێت کە جووتە لەگەڵ سەردەمی زانیاریەکان کە ئەویش « گواستنەوەی زانیاریە بەهۆی بیناسازیەوە » .

بەر لە هەموو شتێک و بەر لەوەی بچینە ناو بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە پێویستە ئەوە بزانین کە بیناسازی پێویستە چی بۆ مرۆڤایەتی دابین بکات :

١- پەناگەی ئارام بێت بۆ مرۆڤ .

٢- سەلامەت بێت لە ڕووی تەندروستیەوە بەتایبەت لە لایەنی بەکارهێنانی مادەی پێکهێنەری بیناکەو ئامێرەکانی کارکردن .

٣- پێوانەکانی گونجاو بن بۆ پێویستیەکانی سەردەم .

٤- ئاسانبەکاربێتوخزمەتگوزاریەکانیخێراوەدەستبێت.

٥- ئاسان نۆژەن بکرێتەوە .

٦- بەردەوامی و سەقامگیری ستراکچەری هەبێت لە ڕووی جۆری دیزاین و دروستکردن و بەکارهێنانیەوە .

٧- بەئاسانی بتوانرێت مادەکانی ریسایکل بکرێنەوەو پاشماوەی ژەهراوی بەجێ نەهێڵێت لەو پرۆسەیەدا لە ڕووی ژینگەییەوە .

قۆناغەکانی بیناسازی بەپێی جۆر و نەخشە و پێوانەکان و مەوادی بەکار هاتوو تەکنیک و ئامێرسازی و پێویستی و کلتووری شارستانیەتەکان گۆڕاون ، لە دێرینترن شارستانیەتەوە بۆ نوێترین بەشکراون لە چاخی بەردینەوە کە لە (٩٠٠٠-٥٠٠٠ پ.ز) دەگرێتەوە تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆ واتە زیاتر لە ١١٠٠٠ ساڵە مرۆڤ لە هەوڵی باشترکردن و خۆشترکردنی گوزەرانیەتی لە هونەر و تەکنیک و شێوازەکانی بیناسازیدا و هەمیشەش پێویستی و خواستەکانی گۆڕاون تەنها پەناخوازی و ئارامی نەبێت کە پێویستیە سەرەکیەکە بووە .

گۆڕانکاریەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنی بیناسازی و بنیادنان

گەر ئاوڕێک بۆ ڕابردووی مرۆڤ بدەینەوە لە سەرەتاکانی داهێنانی شارستانیەتەوە گەشەیەکی بەردەوام و هەندێک جار خێراو هەندێک جار هێواش دەبینین ، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کەرتی بنیادنان و بیناسازیش لەوە بەدەر نییە.

ئەگەر سەیری یەکەم شارستانیەتەکان بکەین لە کەرەستەی زۆر سادەو ئامێری دەستیەوە دەست پێدەکات تاوەکو خانووی بچووک و کوخ و گوند و شاری بچووک تاوەکو بیناو ڕێگەوبان و شاری مەزن ، زۆرێک لە شارەکۆنەکانی میژوو لەسەر گەشەکردنی ڕوانگەی ئایینی و پەرستگای مەزن و دامەزراوەی حکومی و شاهانەیی گەشەپانکردووە کە زۆربەیان لەگەڵ هاتن و ڕۆیشتنی ئەو دەوڵەت و بیرو باوەڕە ئایینیانە نەماون یان دروست بوون یان گەشەیان کردووە ، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە نەتوانرێت پۆلێن کردن و هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی ورد بۆ ئەو قۆناغانە نەکرابێت .

بەڵکو هەزاران لێکۆڵینەوەو شیکاری و ڕیزبەندی ورد بۆ ئەو سەردەمانە کراوە کە سوودێکی یەکجار گەورەیان بە مرۆڤایەتی گەیاندووە لە بوارەکانی ئاوەدانی – فیکری – شارسازی و پلانسازی – بەڕێوەبردن و گەشەی کۆمەڵایەتی – هەروەها سوود وەرگرتن لە سروشت و بەکاربردنی بەهاکانی لە ڕووی ئابووری و خۆشگوزەرانیەوە .

وە ئەگەر سەیری شارە دێرینەکانی مرۆڤایەتی بکەین لە سۆمەر و بابل زۆرێک لە بنەماکانی ئەمرۆیان تیادایە کە لەسەری کاردەکەین تا هەنووکەش لە پلانی شارەکان بەڵام قەبارەی شارەکان و بیناو باڵەخانەکانی ئەمرۆ تەواو جیاوازە و گۆڕانی ژینگەو توانا لێهاتوویی مرۆڤیش لە بنیادناندا و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و هەڵپەی ئابووری و ...هتد زۆرێک لە بابەتەکانی گۆڕیوە ، کە ناکرێت بەهەمان جۆر و خواستی جارانەوە بنیاد بنێین بەڵام دەکرێت زۆر گونجاوتر لەگەڵ سروشت و ژینگەی زەوی خۆمان بگونجێنین و زۆرێک لەو کێشەو دەردەسەریانەی مرۆڤایەتی دەرگیریانە چارەسەر بکەین .

بەشی یەکەم

ناساندنی بەرەوگیری (Sustainability) :

بەپێی زانستی ژینگە بەرەوگیری بریتیە لەو جۆرایەتی ئەو ڕێو شوێنانەی کە دەگیرێنە بەر بە مەبەستی باش بەکارهێنان و بە فیرۆ نەدانی سەرچاوەکانی سروشت ، وە هەروەها پاراستنی هاوسەنگی ژینگەیی دوورمەودا و گەشەپێدانی ئەو ستاندارد و بەرهەمانەی کە سەرچاوەکانی وزە بە خاوێنی بەکاردەبەن .

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بابەتی بەرەوگیری لە تەواوی ناوەندەکانی دنیا بەوردی کاری لەسەر دەکرا تا گەیشتینە ساڵی ٢٠٠٦ کە لە بواری بنیادنان و بیناسازیدا ئەم بواڕە پێشەنگی وەرگرت ، وای لێهات کە دیزاینی شار و بینا نوێیەکان بەڕەو بەرەوگیری هاتن و لەهەندێک ستانداردی جیهانی و وڵاتان کرا بە مەرج .

بەڵام پێویستی بە لێکۆڵینەوەو زانیاری زیاتر بوو ، بەمەبەستی گەرانەوە بۆ بنەما زانستیەکان و ڕێگری کردن لە قۆرغکاریەکانی کۆمپانیا بازرگانیەکان و خراپ بەکاربردنی لایەنە ئابووریەکانی و گۆڕینی بۆ کارێکی تەواو زانستی و مرۆڤایەتی و ژینگەیی ، ئەوجا بە ڕێکخستنی هەموو ئەوانەی باسکران بکرێت بە کاری وەبەرهێنان .

بنیادنانی بەرەوگیر چیە ؟

هەروەک لە پێناسەکەی سەرەتاوە دەردەکەوێت ئەم بابەتە زۆر نوێیە تەنانەت لە شێوازەکانی پلاندانان و دیزاین و بنیادنانیشدا زۆر ناسراو نیە ، تەنانەت زۆرێک لە زانیاریەکان لە شێوەی خشتەو داتای ژمارەیی تێپەڕیان نەدەکرد لە سەرەتادا .

تەنانەت (دیانا فیشەر و بێرنارد هوک) لە کتێبی «بینا بەرەوگیرە پۆلاینەکان» دا دەڵێن کە لە سەرەتادا بەرەوگیری تەنها بۆ دارستانەکان بەکاردەهات کە لەو کاتەدا داڕەکان دەبڕدران و دواتر خۆیان سەوز دەبوونەوە وە بۆ داربڕینی زیاتر ئەم بابەتە بلاوکرابۆوە .

دواتر زیاتر بابەتەکە ناسرا لە باری کۆمەڵایەتیەوە ، دواتر لە ڕاپۆرتی کۆنفرانسی (بروتلاند) کە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێکخەری بوون گەشەی بەرەوگیر پێناسەکرا بەوەی کە بریتیە لە پاراستنی پێویستیەکانی داهاتوو بێ ئەوەی کاریگەری خراپ بکاتە سەر نەوەکانی داهاتوو لەبەدەستهێنانی ئەو پێویستیانەدا .

– لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٩٢ لە ڕیۆدی جانیرۆ کە تایبەت

بوو بە ژینگەو بڕەوگیری گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە بڕەوگیری ، لە یەکتربڕینی سێ بوار دروست دەبێت ئەوانیش (ژینگە - کۆمەلایەتی - ئابووری) .
وە پێویستە کە هاوسەنگی هەرسێکیان بپارێزرێت لە کاتی ڕێکخستنی مۆدێلەکاندا .



وێنەی ژمارە -١- پەیوەندی نێوان ئابووری و کۆمەڵگا و ژینگە

هەر لەم وێنەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندی کۆمەڵگاو ژینگەو ئابووری پێچەوانەن ، چۆن؟ کاتێک کۆمەڵگاو ژمارەی دانیشتوان لە زیادبوون دایە ڕێژەی پیسبوونی ژینگە و بەکاربردنی سەرچاوەکانی سروشت لە زیاد بووندایە ، لەهەمانکاتدا تێچووی ئابووری و زۆری بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی لە زیانی ژینگە تەواو دەبێت چونکە بەردەوام بەهۆی گەشەی بیناسازی و ئابووری دارستان و پێکهاتە سروشتی و ژینگەییەکان کەمتر دەکات .
لێرەوە بڕەوگیری لە سەرجەم بوارەکاندا دەبێت کاری خۆی بکات بە دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان ئەو سێ پێکهاتە ئاڵۆزەی ژیان کە مرۆڤ بێ هەریەکێکیان ناتوانێت بەردەوام ببێت .

- کاریگەری کەرتی بیناسازی :

کاریگەری کەرتی بیناسازی لەسەر هاوسەنگی ژینگەیی و ئابووری و کۆمەلایەتی تا ماوەیەکی زۆریش بە لاوەکی سەیردەکرا ، بەڵام با ببین وردتر لە بیناسازی بروانین بزانین کاریگەری لەسەر لایەنەکانی ژیان چۆنە ؟
لەساڵی ٢٠١٣ لە یەکیەتی ئەورووپا بڕی ١١٦٢ ملیار یۆرۆ لە وەبەرهێنانی بیناسازی خەرجکراوە ، لەهەمانکاتدا کەرەستەی بیناسازی بڕی ٨,٨٪ ی تەواوی بەرهەمی ناوخۆیی ئەورووپا بووە .
لەڕووی کۆمەلایەتیەوە ٢٩٪ ی دەستی کاری پیشەسازی یەکیەتی ئەورووپا هەر لەم کەرتەدا بووە ، جگە لەوەی ٦,٤٪ ی تەواوی کارمەندی شارەزای یەکیەتی ئەورووپا کەرتەدا بووە .
لەڕووی ژینگەیی ٣٤,٢٪ ی تەواوی پاشماوەی ئەورووپا لە کەرتی بیناسازی و بنیادناندا بووە بە بڕی ٨٥١,٦ ملیۆن تۆن ، وە بەرپرسی بەهەواداچوونی ١١,٧٪ ی گازە گەرمی قەتیس کەرەکانی هەوا بووە ، وە بەکاربەری ماددە خاوەکانی سروشت بووە بە بڕی ٤٧٪ ی ماددە خاوەکان . ئەمە جگە لەوەی کاریگەری مرۆیی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ژینگەیی تری هەیە کاتێک شوێنی نیشتەجێ بۆ ملیۆنان کەس دابین دەکات یاخود ڕێگای گواستنەوەو شوێنی کار و بازارکردن دابین دەکات ، کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکاتە سەر مرۆڤ .

- کەواتە چیمان لە پێشە ؟

لەماوەی ٦٠ ساڵی ڕابوردوو دانیشتوانی زەوی دووهێندە زیادی کردووە بە پێی داتاکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ، وە بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی مرۆڤی هاوچەرخ نزیکەی ٩٠٪ ی کاتەکانی لە ناو بینا و باڵەخانەکاندا بەسەردەبات چ بینای نیشتەجی یان بازارکردن و کات بەسەربردن یان شوێنی کار بن یان وێستگەی میترۆو فرۆکەخانەو ...هتد بن .
وە بەپێی ئەم داتاو گەشەسەندنانەی مرۆڤایەتی کاریگەری لەسەر ٧٠٪ ی ڕووبەری زەوی پەیدا دەکات تاوەکو ساڵی ٢٠٣٢ ، وە گەشەی ئابووری لەهەر جێگەیەک بەتەواوی پابەندی گەشەی ئابووری جیهانی دەبێت ، وە گەشەی بواری بیناسازی و بنیادنان پابەندی تەواوی هەیە بە ئابووریەوە .
ئەگەر بەرپرسیارانە ئەنجام نەدرێت ئەوا دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەرچاوەی سروشتی و گەشەی ئابووریش دروستدەکات .
- « چارڵس کلارک » لە یەکەم کۆڕبەندی تایبەت بە بڕەوگیری لە ساڵی ١٩٩٤ زۆر بەتوندی بەرگری لە دامەزراندنی سیستەمی بڕەوگیری لە بنیادنان کردو بنەما

سەرەکیەکانی دانا کە لە کۆنفرانسەکەدا پەسەندکرا و ئەمانەش بنەماکان بوون .

١- بەکاربردنی سەرچاوە سروشتیەکان بە باشترین ئاست بۆ لەدەستنەچوونی سەرچاوەی ماددە خاوەکان وەک (وزە ، ئاو ، هەوا ، خاک) .

٢- پاراستنی سیستەمی ژینگەیی لە پاشماوەکان چی گازی - رەق - یان گیراوە بن ، لەمەش گرنگتر زانینی چۆنیەتی بەکاربردنی ڕووبەری زەویە .

٣- دووبارە دروستکردنەوەی ماددەکان دوای بەکاربردنیان واتە گۆڕینی پیشەسازیەکان بۆ جۆری خۆنوێکەرەوە .

٤- لابردنی ماددە مەترسی دارەکان لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی .

٥- کەمکردنەوەی تێچووی بیناسازی لەیەک سۆری تەواوی ژیانی بونیادەکە .

٦- پەرەپێدانی بارودۆخی تەندروستی و سەلامەتی و خۆشگوزەرانی دانیشتوان و کرێکارو کارمەندانی کارەکە و مافی هاوسێیەتی .

بەشی دووەم

پەرەسەندنی بنیادنانی بڕەوگیر
(Evolution of Sustainable Construction)

٢-١- بنیادنانی بڕەوگیر ڕووبەڕوی چەندان ئاڵەنگاری بووەتەوە لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ وە بەردەوامیش لەپڕۆسەی بنیادنانەکەیدا ئاڵەنگاری وەردو زانستی هەیە چونکە پڕۆسەکە نوێیە و بەردەوامە لە پەرەسەندنی خێرا .

خشتەی ژمارە (١) پەیوەندی نێوان گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی چالاکی هەر کەس و دامەزراوەیەک ڕوونەدەکاتەوە :

کەس و دامەزراوەکان	گۆڕانکاریە نوێیەکان
دەزگای دەوڵەت	• پاڵپشتی دارایی . • ڕێکخستن و بە ستاندارد کردن . • دیاری کردنی پێوەرەکانی چاودێری بەکاربردن . • لێکۆڵینەوە لە باشترکردنی ڕێوشوێنەکانی بنیادنان بەم سیستەمە.
خاوەن پڕۆژە ، وەبەرهێن	• دیاری کردنی کەس و کەرەستەی گونجاو بۆ بەدیهێنانی هەماهەنگی ژینگەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی .
بەکاربەر	• جێ بە جێ کردنی چالاکی و کارەکانیان لە چوارچێوەی بڕەوگیری دا بێت .
دیزاینەر	• کارکردن لەسەر بنەمای تەواو بە ژینگەیی کردنی دیزاین . • بەکارهێنانی بیردۆزەی سۆری ژیانی بیناکە لە دیزاین کردندا .
کەرتی پیشەسازی مەواد و کەرەستەی بینسازی	• زیاد کردنی ئەوکەرەستانەی کاریگەری ژینگەیی خراپی کەمترە. • پەرەپێدانی دووبارە دروستکردنەوەی مەواد و کەرەستەکان هەتاوەکو بکرێت . • پەرەپێدانی توانای بەکاربردنی مەوادەکان تا ئەوپەڕی چوستی و کەمترین زیانی ژینگەیی .
بەڵێندەر و ستافی نۆژەنکردنەوە	• بەکارهێنانی پڕۆسەی کارکردنی ژینگەیی. • بەکارهێنانی هۆشیاری ژینگەیی وەک سەرچاوەی کێبرکێی کارکردن . • هەڵبژاردنی کارمەند و هاوکارەکانیان بە پێی ئەزموونی ژینگەییان و شارەزایی لە بواری بڕەوگیری .

ئەمانەی سەرەوە کورتەیەک بوون دەربارەی گۆڕانی ئەرکی هەر کەس و ناوەندێکی ئەندازیاری یان بەڵێندەرایەتی و یاسایی ، لە سیستەمی بڕەوگیردا وە بە کورتی شێوازی پەرەسەندنی سیستەمەکە بەم جۆرەیە .



وێنەی -٢- پەرەسەندنی بیناسازی تا قۆناغی بڕەوگیری

٢-٢- پرسیارە گرنگەکان دەربارەی بڕەوگیری :

٢-٢-١-ئایا ئێمە دەتوانین تێچووی پڕۆژە بڕەوگیرەکان لە ئەستۆ بگرین؟

ئەگەر لە قۆناغی پلان دانان و دیزایندا بە باشی کار

لەسەر بنەماکانی برەوگیری کرابێت، ئەوا بەئاسانی دەکرێت تێچووی لابەلا کەمبکرێتەوە لەسەر پرۆژەکانی برەوگیری.

هەرچەندە رەنگە وابزانرێت کە تێچووی برەوگیری زیادەبن یاخود زۆربن ، بەڵام پێویستە هۆشیاری زانستی و وردبینیتە کۆمەڵگا دەربارەی ئەو سوودە دوورمەودایانەی کە برەوگیری هەیەتی کە تێچووی چەندان لایەنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی و خراپبوونی ئاووهەواو گەرمی و ساردی و .....هتد ، کۆنترۆڵ دەکات کە بەرامبەر بەو تێچوونەی سەرەتا چەندان قات قەرەبوو بێت .

٢-٢-٢-چۆن دەتوانین برەوگیری بۆ سیستەمی بیناسازی و بنیادنان بەدەستبهێنین ؟

بۆ بەدیهێنانی برەوگیری پێویستمان بە کارکردنە لەسەر هاوسەنگی سێ بنەماکەی ژیان (کۆمەڵگا - ژینگە - ئابووری) ، وە دەبێت بزانین کە هاوکێشەیەکی یەکلاکەرەوەی نێودەوڵەتی نیە بۆ برەوگیری بەڵکو بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دیزاین و دارشتنی بنەماکان وە دەبێت بزانرێت کە شارێک یان پرۆژەیەک برەوگیر ناکرێت ئەگەر لە پرۆسەی پلانەوە بۆ ئەوە دانەمەزرابێت .

٢-٣-١-ئامانجەکانی برەوگیری :

لێرەدا پێویستە بزانین کە ئەگەر کۆمەڵە ئامانجێک لە سیستەمی بیناسازیدا نەبێت بە برەوگیر دانانرێت ، بنەماکانیش بریتین لە :

٢-٣-١-١-ئامانجی ژینگەیی

١-کەمکردنەوەی بەکاربردنی وزە : دروستکردنی بیناکان بەو جۆرەی کە بەرگەگرتنی تەواوی هەبێت بۆ شێ و گەرمی لە سالانی ١٩٧٠ بەدواوە لە ئەورووپا بەتایبەتی زۆر گەشەی کرد و کرا بە ستاندارد و سیستەم ، هەر لێرەوە زانیاریەکان دەربارەی ئەندازیاری و فیزیای پاراستنی وزە و بیناسازی گەشەی کرد ، بەبەکارهێنانی ئەو بنەمایانە توانای کەمکردنەوەی بەکاربردنی وزە لە بیناسازی دا بەبری ٦٠٪ بەراورد بە بیناسازی باو .

تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بری وزەی بەکاربراو لە دروستکردنی کەرەستەی بیناسازیشدا کەم بکات ، وە هەرلەم خالەوە پێویستە بایەخ بە دیزاین و بنیادنانی سەرکەوتوو گۆڕدرا بۆ کۆمەڵە کاراکتەرێک کە جگە لە کەمکردنەوەی تێچووی ئابووری بریتین لە کاراکتەری گونجاوی تەندروستی و ژینگەیی و کەمتر بەکاربردنی وزە بەتەواوی سوری ژیانی بیناکە یان پرۆژەکە کە تەواوی پرۆسەکانی بنیادنان و بەرهەمهێنانی کەرەستەکان و ڕوخاندن و دووبارە دروستکردنەوە (ریسایکلین) دەگرێتەوە .

٢- چۆنیەتی بەکارهێنانی ماددەکان و سەرچاوەکانی سروشت :

بەکاربردنی سەرچاوەکانی سروشت بە وریایی و ڕەچاوکردنی گیرانەوەی ماددەکان بۆ سروشت لە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەو ڕوخاندا بە شێوەیەکی تەندروست ، پرۆسەیەکی تەواو گرنگە چونکە سەرفکردن و بە فیڕۆدانی سەرچاوەکانی سروشت کەمدەکاتەوە و پاشماوەی زیانبەخش کە چارەکردنی قورسە کەمدەکات و هاوسەنگی ژینگەیی ڕادەگرێت و تواناو وزەی زۆریش لە چارەکردنی گازو ماددە ژەهراویەکان کەمدەکات .

٢-٣-٢- ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان :

لەکەرتی بیناسازی و بنیادنان دا ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی چەند لایەنێک دەگرێتەوە ، بە پێی ستانداردی (EN15643) وەک :

١- چۆنیەتی پێ ڕاگەیشتن .

٢- هاوگونجاوی لەگەڵ مرۆڤ .

٣- تەندروست و خاوێن لە ڕووی ژینگەوە .

٤- کاریگەری لەسەر دەوروبەر .

٥- ئەمنی بوون .

لە کاتێکدا هەریەکە لەمانە ڕوونکردنەوەی خۆی هەیە ، بۆ نموونە چۆنیەتی پێڕاگەیشتن بریتیە لە بەکارهێنانی ڕووبەری بیناکە بە ئاسانی وەک بەدەستگەیشتنی خزمەتگوزاری سەحیات و هاتووچۆکردنی هەموو تەمەنە جیاوازەکان بە بیناکەدا بە سەلامەتی .

-توانای خۆگونجاندن توانای بیناکەیە لە ڕووی گونجاوی لە گۆڕینی بەشێکی یاخود بەشەکانی بۆ بەکارهێنانێکی دیاریکراو ، ئەوەی شانبەشنانی ئەم باسەیە سەقامگیری و بەهێزی هەیکەلی بیناکەیە لەڕووی بەکارهێنانی مرۆیی یاخود کارەساتی سروشتی ، ئەوەی جێگای سەرنجە لە تەواوی کۆدەکانی بیناسازی باسی بەرگری بینا و





خۆراگریەکەی دەکرێت بەڵام ڕادەی خۆگونجاندن و نەرمی لە گۆڕین نا .

– توانای نۆژەنکردنەوەو فەزای گونجاو یەکێکی تر لە مەرجەکانی بڕەوگیری لە بارەی کۆمەڵایەتیەوە چونکە وابەستەیی بە ڕووبەری ناوەکی بیناکە و ڕێککەوتنی لەگەڵ وەزیفەکانی بیناکە و زیان نەگەیاندن بە دەورو بەر لەکاتی نۆژەنکردنەوەو سوود وەرگرتن لە ڕووبەری بیناکە یەکێکی تر لە گرنگیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم بابەتە .

– تەندروستی و گونجاوی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ کە خۆی بریتیە لە دابڕی دەنگی و گەرمی و شێ و هەوا گۆڕکێ .

– ئەمنیەتی بیناسازی مەبەست پێی توانستی بەرگەگرتنی بیناکەیە لە ڕووی بارانی بەهێز و بەفر و سەرماو گەرمای زۆر و زەمین لەرزەو کارەساتی سروشتی و تەقینەوەو ئاگرکەوتنەوەو ....هتد . کە دەبێت لەو کاتانەدا پەناگەی ئارام بێت .

٢-٣-٣ – ئامانجە ئابوریەکان :

ئابوری لەبابەتی بڕەوگیری بەشێوەیەکی سەرەکی تەواوکاریەکی سەراپاگیرە ، چونکە پێویستە کە ئامانجە کۆمەڵایەتی و ژینگەیەکان بە کەمترین تێچوو بەدی بهێنرێت لە ساتی دیزاینکردن و دروستکردنەوە تاوەکو بەرهەمهێنانەوەی مادەکان و نۆژەنکردنەوەی .

سەرچاوەکان / Resources :

1- Green Building Guidelines : "Meeting the Demand for Low-Energy, Resource-Efficient Homes "(National association of remodeling industry)

2- Elements of Architectural Design "Ernest Borden"

3- Sustainable Steel Buildings "A Practical Guide for Structures and Envelopes" Bernhard Hauke, Markus Kuhnhenne, Mark Lawson, Milan Veljkovic,In collaboration with Raban Siebers"

4- SustainableConstruction Processes (A Resource Text) "Steve Goodhew"

5- CONCRETE FOR SUSTAINABLE CONSTRUCTION "Dr R Sri Ravindrarajah"

6- internet sites and social media of (ASCE, ACI, B. S, DIN....etc.)

ڕیپۆرتاژ

زانکۆی جیهانی ئەهلی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر

ئومێد ڕەفیق فتاح

سەرۆکی زانکۆی جیهانی ئەهلی

ئامادەکردنی
گۆڤاری ئەندازیاران

ئەندازیاران / سەرەتا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم زانکۆیە لە کوێوە سەریهەڵداوە ؟

وەڵام : بیرۆکەی دامەزراندنی زانکۆی جیهان-سلێمانی دوای ئەوە هات کە سەرەتا زانکۆی جیهان لەشاری هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٧ دا کرایەوە، لەپێناوی خزمەتکردنی زیاتری کوردستان لە بواری زانستی و خوێندنی باڵا و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ بریاردرا لە شاری سلێمانی زانکۆی جیهان بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە .

ئەندازیاران / لە چ بەروارێکدا دامەزراوە ؟ تەواوکردنی ماوەی چەند ساڵی خایاندوە ؟

وەڵام : زانکۆی جیهان- سلێمانی لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٥/١٢) دا مۆڵەتی وەرگرتوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەک زانکۆیەکی تایبەت خزمەت بکات. هەروەها مۆڵەتی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی فیدرالی عێراقیشی هەیە .

لە ساڵی (٢٠١١) تا ساڵی (٢٠١٤) زانکۆی جیهان-سلێمانی بەشێوەیەکی کاتی بینایەکی بەکرێگرت و دەستیکرد بە خزمەتکردنی خوێندکاران . هەروەها لە ساڵی (٢٠١١)دا دەستکرا بە بنیاتنانی کەمپی زانکۆی جیهان- سلێمانی لە گەڕەکی ولوبە / نزیک پرۆژەی نیشتەجێبوونی لوبنان سیتی ، لە ساڵی (٢٠١٤) بنیاتنانی بەشێکی زۆری پرۆژەکە تەواکراو پرۆسەی خوێندن بۆ یەکەمجار لە نێو کەمپی نوێدا دەستی پێکرد. شایەنی باسە ، تا ئێستاش کارکردن لە بنیاتنانی کەمپی زانکۆی جیهان-سلێمانی بەردەوامە و لە فراوانکردندایە .

ئەندازیاران / ئەم زانکۆیە کەرتی تایبەتە یان حکومیە و خاوەنەکانی کێن ؟

وەڵام:زانکۆی جیهان-سلێمانی زانکۆیەکی تایبەتەو لەلایەن گرووپی کۆمپانیاکانی جیهانەوە خاوەندارێتی دەکرێت.

ئەندازیاران / وەک پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت کە مەبەست لێی قازانجکردنە،ئایا ئەمە بەمانای ئەوە دێت کە ئاستی زانستی زانکۆکە و خوێندکاران گرنگی پێنەدەن ؟

وەلام : ئامانجی زانکۆی جیهان - سلێمانی بریتیە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی زانستخواز و ئەکادیمی کە لە ئایندەدا خزمەتی کۆمەڵگە و نیشتمان بکات، لەم پێناوەدا خوێندکاران و ئاستی زانستی لە زانکۆدا لەپێشینەی گرنگی دانێتی .

ئەندازیاران / بودجەی سالانەی زانکۆکە چەندە ؟

زانکۆی جیهان - سلێمانی زانکۆیەکی تایبەتە و سەرچاوەی داراییەکەی تەنها ئەو داهاتەیە کە سالانە وەک کرێی خوێندن کە بە پێنج قیست لە خوێندکارانی زانکۆ وەردەگیرێت ، هەروەها خاوەنی پرۆژەکەش سالانە هاوکاری دارایی پرۆژەکە دەکات بەمەبەستی پێشخستن و پەرەپێدانی زیاتری زانکۆ .

ئەندازیاران / ژمارەی خوێندکاران چەندە ؟ و بڕی پارەی سالانەی خوێندن چەندە ؟

وەلام : زانکۆی جیهان - سلێمانی لەساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) دا (١٧٠٠) هەزار و حەوت سەد خوێندکاری هەیە.

